لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
"دەستەی کورد"

# زمانی نەتەوایەتی ی کوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دانانی :

الدكتور كامل حسن البصير

ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عراق
پرۆفیسۆری یاریدەر - کۆلیجی ئەدەبیات
زانکۆی المستنصریە

١٤٠٤ ك - ١٩٨٤ ز

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
"دەستەی کورد"

# زمانی نەتەوایەتی کوردی

دانـانی :

الدکتور کامل حسن البصیر

ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عراق
پرۆفیسۆری یاریدەر ـ کۆلیجی ئەدەبیات
زانکـۆی المستنصریـە

١٤٠٤ ك ـ ١٩٨٤ ز

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

# پێشەکی

لە مێژووی شارستانێتیو ڕۆشنبیریدا چەسپاوە کە نەتەوە زمانێکی یەکگیروو پێگەیشتوە : بوونو مانی بەندە بە زمانەکەیەوەو تێکچوونو فەوتانی ئاکامی پچڕپچڕیولاوازیو نەمانی زمانەکەیەتی •

نەتەوەی کوردیش دیارە لەم راستییە بەدەر نییە ، بەڵکو وەکو هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم زەوییە ملکەچی ئەو راستییەیەو بە پێوانەکەی ڕادەی پێشکەوتنو دواکەوتنی هەڵدەسەنگێنرێ• زانا کورد پەروەرەکان دیارە ئاگایان لەو راستییە بوە ، سەر ئەنجام لە مێژەوە هەوڵیان داوە زمانێکی کوردیی یەکگیرو پێگەیشتوو بۆ نەتەوەکەیان وە چنگ بهێنن•

بزوتنەوەی شارستانیەتیو رۆشنبیری کوردی دەماودەم مێژووی ئەو هەولدانە دەگێڕێتەوە ، بۆیە ئێمە لێرەدا هێڵەگشتیەکانی ئەم مێژووە لە ساڵی ١٩٥٨ی زاینییەوە دەخەینە روو بۆ ئەوەی شوێنی ئەم لێکولینەوەیەمان دەستنیشان بکەینو پێنووسی زاناو پسپۆرە کوردەکان بۆ هەڵسەنگاندنو خستنەسەر ریگای پەیرەوی کردن بخەینەکار :

دوا بە دوای شۆڕشی چواردەی تموزی ساڵی ١٩٥٨ی زایینی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عراقدا چاوەڕی دەکرد بە زمانی یەکگیری خۆی جەماوەرەکەی فێربێتو وێژەرو و رۆشنبیرو زاناکانی بە هەمان زمان زادەی هەستو نەستو بیریان دەربڕن •

ئەم چاوەرێکردنە لەبەر چەند هۆیەك کەوتە گێژاوی دوو بەرەکییەوە

هەندێ لە خوێندەوارە کوردەکانو بەرپرسیارەکان بە توندی لە ئاستی دروشمی خوێندن بە زمانی نەتەوایەتی کوردی داواکاری خوێندن بە زارە جیاوازی‌یە کوردی‌یەکان بەرزکردەوەو تاقمێك لەو خوێندەوارە کوردانە بە پشت‌گیری بەرپرسیارەکان بە دەربڕینی خۆیان دووپاتیان دەکردەوە کە بادینانیەکان دەبێ بە بادینانی بخوێننو سۆرانیەکان پێویستە بە دایلیکتی خۆیان فێربین •

ئەم داواکاری‌یەو ئەو دووروشمە لە پایزی سالی ١٩٥٩ی زایینی کەوتە بەر باسو لێکولینەوەی کۆنگرەیەکی مامۆستایانی کورد کە لە شاری شەقلاوەدا بە سەرکردایەتی ئەنجومەنی بەرێوەبەری نەقابەی مامۆستایانی عراق لەو کاتەدا ئاکامی ئەم باسو لێکولینەوەیە بڕیارێکی رامیاری مام‌ناوەندی بوو لە نیوانی ئاواتو ویستەمەنی زانستی خوێندن بە زمانی نەتەوایەتی کوردی‌و لە نیوانی داواکاری فێربوون بە زارە کوردی‌یە لەیەکتر پچڕاوەکاندا کە دەقەکەی دەی‌ووت : خوێندنی کوردی بە زاری سۆرانی دەبێت بە مەرجیك لە رووی ووشەو رێزمانەوە بە زارە کوردی‌یەکانی دی موتربە کرابێت ئەم بریارە ــ بیگومان ــ هیچ فرێکی بەسەر زانستی زمانەوە نی‌یەو بەهیچ جۆرێك بۆ پەیرەوی کردنو هێنانەدی‌ی دەست‌نادات •

ئەو کەسانەی لەو کاتەدا نەیان‌دەویست خوێندن بە زمانی کوردی بێت ئاگایان لە چارەنووسی ئەو بڕیارە بوو سەرئەنجام ــ بۆ نموونە ــ کە بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لیژنەیەکی لە نوێنەرانی زارە سەرەکی‌یە کوردی‌یەکانی بۆ دانانی کتێبی رێزمان پێك‌هێنا ئەم لیژنەیە پێ‌ی‌نەکرا بڕیارەکەی کۆنگرەی شەقلاوە پەیرەوی بکاتو لەبەرتیشکیدا کتێبی رێزمانی دابنێت ، چونکە مەسەلەی موتوربەکردن جگە لەوەی لە هیچ تاقی‌کردنەوەیەکی نەتەوە خوا پێدەرەکاندا نەهاتووە هەر ئەندامێك

له ئەندامانی لیژنەکە بە جۆریك راڤەی دەکردوو بۆ بەرژەوەندی زارەکەی ڕای دەکێشاو دەی‌ویست بۆ خۆی بیقۆزێتەوە :

بۆ نموونە یەکێك لە ئەندامانی لیژنـەکە دەی‌ووت : موتوربەکردنی زاری سۆرانی بە زارەکانی دی بە دابەش‌کردنی بە هەربەشێك لە بەشەکانی رستە دەبێت : بەمانای ئەوەی ئەگەر بمانەوێ رستەی (من چووم بۆ بازار) کە رستەیەکی سۆرانی‌یە بە زارەکانی دی‌ی موتوربەی بکەین ، پێویستە راناوەکەی (من) بگۆرین بە ئەزی بادینانی‌و ئامـرازی (بـۆ) هەڵبگرین‌و لەبریدا ئامرازی (ئەرێ)ی لوری سازبکەین •

سەر ئەنجام رستەکە پاش موتوربەکردن دەبێ بە (ئەز ئەچم ئەری بازار) ئەم پێشنیازە ــ هەروەکو ئاشکرایە ــ موتربەکردن نی‌یەو بەس ، بـەڵکو تێکدانێکی دەست کردوو بێ‌سەروو شوێنە ، مەگەر دوژمنێکی نەتەوەی کورد بتوانی بۆ تێکدانی زمانی کوردی دای‌بهێنێ ئەگینا رستەیەکی وا لـە کتێبێکی رێزماندا پێویستی بە سێ مامۆستا هەیە سۆرانی‌یەك‌و بادینانی‌یەك‌و لوری‌یەك بۆ ئەوەی قوتابیەکان لێ‌ی‌تێبگەن •

هەر چۆنێك بێت رووداوەکان سەلماندیان کە ئەو پێشنیازە مەبەسـتی زیندە بەچاڵ کردنی پرۆژەی خوێندن بە زمانی کوردی بوو ، بە بەڵـگەی ئەوەی ئەم خوێندنە تەنیا لە قۆناغی سەرەتاییدا رێگای پێ‌دراو لە قوناغی ناوەندی‌و ئامادەیی قەدەغەکرا •

دوابەدوای شۆڕشی ١٧ ــ ٣٠ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٦٨ی زایینی بەگشتی‌و پاش بەیانی ١١ی ئازار ساڵی ١٩٧٠ی زایینی بە تایبەتی ڕێگا بە زمانی کـوردی درا کە ببێ بە زمـانی پەروەردەو فێـرکردن لە گشـت قونـاغەکاندا •

زمانی کوردی سەرەرای ئەوەی لەم سـەردەمەدا وەکو زمـانێکی

نەتەوایەتی باس‌دەکراو بە هیچ جۆرێك مەسەلەی زارەکانی نەدەهاتە ئاراوە ، خۆی لە خۆیدا قوناغێکی باشی لە رێگای یەکدگیری‌و پێگەیشتویی بڕی‌بوو، چەندین خوێندەواری کورد لە زارە کوردی‌یە جۆر بە جۆرەکان پەیدابوون کە بەم زمانە بەرهەمی وێژەی‌و زانستی‌یان دەنووسی‌یەوە •

ئەم بارەی زمانی کوردی هەرچەندە لە رادەی ئاواتی نەتەوایەتیـدا نەبوو بەڵام لە هەمان کاتدا مژدەی ئەوەی دەدا کە رۆژی گەیشتن بـەم رادەیە زۆر دوور نی‌یەو پێویستی بە هەوڵداتێکی زانستی هەیە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژە بەخۆیەوە ببینێ •

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٣ی زایـینی وەزارەی کاروبـاری ژووروو کە بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی یەکێك بوو لە داموودەزگاکانی ، لە شاری شەقلاوەدا کۆنگرەیەکی بەست بۆ لێکۆڵینەوەی باری کتێـبی خوێندن بە کوردی •

لەم کۆنگرەیەدا جێگای سەرسورمان ئەوەبوو کە چەنـد خوێندەوارو بەرپرسیارێکی کورد لە خوودی خۆیانەوە دیسانەوە مەسەلەی خوێندن بـە زارە کوردی‌یەکانیان بەرپاکردوو ڕابەری هەندێ لێکۆڵینەوەیان دەکرد کە رێزمانی کوردی ئەگەر بە دوو زاری سۆرانی‌و بادینانی نەنووسرێتەوە هیچ نەبێت رێزمانی زاری بادینانی بکرێ بە پەراوێزی کتێبە رێزمـانی‌یەکان‌و ووشەو دەربڕینە جیاوازی‌یەکانی ئەم دوو زارە وەکو هاوواتاو مرادف لـە هەموو کتێبەکانی خوێندندا بەکاربهێنرێ •

ئەم بۆچوونە هەڵبەت لەچاو بڕیارەکەی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە هەنگاوێکە بۆ دواوە چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە بڕوای بە جۆرە یەکدگیری‌یەکی زارە کوردی‌یەکان هەبووایـە ، زانستی‌یانە هەوڵی بـۆ بەدی‌هێنانی ئەم یەکدگیری‌یەی دەدا ، ئەو بۆچوونـە بە دەسـتی کورد

دەی‌ویست هەر زارێك لە زارە کوردی‌یەکان بکات بە زمانێکی سەربەخۆو وا لە قوتابی کورد بکات کە بەچەند زمانێکی بە ناو کوردی بخوێنێ •

ئێمە کە ئاگامان لە دووروودرێژی ئەم هەڵویستە هەیە لە مێژەوە تۆوی بیروڕای زمانی نەتەوایەتی کوردی لە دڵو مێشکماندا چەسپابوو

بەرگریمان لەم زمانە دەکردوو بە ووتارو محاضرەو وانەووتنەوە بەرەنگاری ئەو هەڵوێستە دەبوین •

لە ساڵی ۱۹۷۸ی زایینی کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش یاسای ژمارە (۱٦۳)ی بۆ پێکهێنانی کۆڕی زانیاری عراق سازکرد ، لە قەوارەی ئەم کۆڕەدا دەستەی کوردی دامەزراند •

بەندی دووەمی ئەم یاسایە دووپاتی دەکاتەوە کە کۆڕی زانیاری عراق تێ‌دەکۆشێ بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بە مەبەستی هاتن بە دەنگی پێویستی‌یەکانی ژیانەوە •

دەربڕینی زمانی کوردی لەم بەندەدا ڕاستەوخۆ سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ئامانجی سەرەکی‌ی دەستەی کورد بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کوردی‌یەو بە هیچ جۆرێك خۆی نابەستێت بە تاقە زارێکەوە لە زارە کوردی‌یەکان بەڵکو ئەم زارانە هەموویان وەکو لق‌وپۆپی ڕەسەنی درەختی زمانی کوردی تەماشادەکات • ئێمە کە جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم ئامانجەمان ــ لەبەر چەند هۆیەك گرتە ئەستۆ ، تاقی‌کردنەوەکانمان لەم ڕووەوە هێنایە یادوو سوودمان لە تاقی‌کردنەوەی زمانە یەکگرتووەکانی میللەتانی دی‌ی وەرگرتوو ئەم لێکولینەوەیەمان وەکو پرۆژەیەك بۆ بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کوردی نووسی‌یەوە •

بیردۆزەکەمان لەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر دوو بناغە دامەزراوە :.

یەکەم : زمانی نەتەوایەتی کوردی هەبووەو هەیە •

دووەم : زارە کوردی‌یەکان هەموویان خەزنەی ئەو زمانە نەتەوایەتی‌یە کوردی‌یـەن •

سەرئەنجام هەمـوو بەشـەکانی لێکۆڵینەوەکەمـان بە ڕێبـازێکی بەراوردکاری لەنیوانی زارەکانی کوردی ناوەنـدی‌و کوردی خوارووەدا تێکۆشاون ئەو بیردۆزەیە بسەلمێنن •

کەموکۆری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو مەسەلەدا بەرچـاو دەکەوێ :

یەکەم : مـەودای بەراوردکاری‌یـەکەی تەنیـا دوو کۆمەڵـە زاری کوردی‌یە • لە کاتێکدا کە دەبوو هەموو زارە کوردی‌یەکانی بگرتـایە بەر بۆ ئەوەی بڕیارەکانی گشتی بوایە •

بیانوومان بۆ سووکردنی باری سەرشانمان سەبارەت بەم مەسەلەیە لەوەدا دابین دەکرێ کە بە داخەوە شارەزای زارەکانی کـوردی ژووروو نین‌و ڕەنگە پسپۆرێکی شارەزای ئەم کۆمەڵە زارانە لەدوا ڕۆژدا کەلێـنی ئەم کەم‌وکوری‌یە پڕبکاتەوە •

دووەم : ریبازی بەراوردکاری خۆی لە خویدا پێویست دەکات کـە خاڵی ڕێکەوتن‌و جیاوازی زارەکان باس‌بکرێن ، بۆیە هەنـدێ تـایبەتی ڕێزمانی زارەکانی کوردی خواروو هەن نەمانخستەبەر باس‌و شی‌کردنەوە• بۆ نموونە لێرەدا هێما بۆ تایبەتی فرمانی ئیستای بەردەوام دەکەیـن لـە کۆمەڵە زارەکانی کوردی خوارووەدا کە لە فرمانی رابووردووی شهودی‌و فرمانی ئیستا سازدەکرێت ، وەکو رسـتەی : ( نیشتمـە ئـەدەوم ) واتـا : (دانیشتووم رادەکەم) •

ئەم مەسەلەیە ــ هەڵبەت ــ سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کە ئـەگەر هات‌و پسپۆرە زاناکانمان لەبەر تیشکی ئەم ڕێبازەمـاندا دەسـتیان بـە

بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کوردیکرد دەتوانن هەموو تایبەتییەکی رەسەنی زارە کوردییەکان وەربگرنو شوێنی تایبەتییان لە رێزمانی کوردیدا دەستنیشانبکەن ، بۆیە هیوادارین کە ئەم پسپۆرە زانایانە بێن بە دەنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەوەو بەچاوی هەڵسەنگاندن تەماشایبکەنو هەرچی تێبینیەکیان دەرحەقی هەیە بە مەبەستی خزمەتگوزاری زمانە شیرینەکەمان بیخەنەروو •

لە رۆژی ٢٩/٥/١٩٨٣ی زاینییدا تۆژینەوەیەکمان دەربارەی کێشەکانی زمانو وێژەی کوردی پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری عراق کردو تێیدا چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەمان خستە بەرچاو •

گرنگترین کێشە هەڵبەت گیروگرفتەکانی زمانی نەتەوایەتی کوردییە، بەتایبەتی ئەگەر هاتو زانیمان راماڵینی ئەو گیروگرفتانە بەیەك خستنی زارەکوردییەکان دەبێت ، بۆیە دەستەی کورد لە کۆبۆتەوەی رۆژی سێشممە ریکەوتی ١٠/١٠/١٩٨٣ی زایینی گرنگی بەم لێکولینەوەیەداو بڕیارێکی سازکرد کە بە زووترین کات بخرێتەبەر چاپو دەستپێشکەریییەکی لەم رووەوە پێبەخشرێ •

سەرئەنجام هیوادارین کە هاتنە پێشەوەی زاناو پسپۆرە کوردەکانو تێبینی دەرخستنیان بەبۆنەی ئەم لێکولینەوەیەوە بزوتنەوەیەکی زانستی بەرپابکاتو لە ئاکامدا کۆری زانیاری عراق ـ دەستەی کورد ـ کونگرەیەك لەژێر درووشمی بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کوردی بیەستیو ئاواتی سەدان ساڵمان بێتەدی •

د• کامل بەصیر

بەغا ٩/١٠/١٩٨٣

**زاراوە زمـانی‌یەکان :**

لە زانستی زماندا سێ زاراوەی جۆربەجـۆر بۆ دەربڕین لە سـێ دیاردەی زمانی‌ی جیاوازو دەست‌نیشان‌کردنی چەمەگەکانیان چەسـپاون‌و زمانەوانە پسپۆرەکانیش بەوردی لەشی کردنەوەو تۆژینەوەی ئەو دیاردانەدا بەکاریان‌دەهێنن •

ئەم سێ زاراوەیە بە زمانی ئینگلیزی کە زمانێکی جیهانی‌یەو زانستی زمان بە هۆی زاناکانی‌یەوە ـ تا رادەیەك ـ خەملاوەو پێگەیشتوە (سپیچ)و (دایلەکت)و (لەنگ‌وچ)ن •

لە زمانی عەرەبی بەرامبـەر بەزارەوەی سـپیچ ووشـەی (الکلام) سازکراوەو لە بری زاراوەی (دایلەکت) واژەی (أللهجة) بەکاردێت‌و دەربڕینی ( اللغة )ش بۆ هاوواتەی (لانگ‌وچ) بەکاردەهێنری •

زمانی کوردی کە وردە وردە خەریکە لە روناکی زانستی زمان نزیك دەبێتەوەو پسپۆرانێ کورد دەستی لێکۆڵینەوەو باس‌کردنی بۆ درێژ دەکەن‌و ووشەی ئاخاوتن لە کتێبی رێزمانیدا بۆ دەسـت‌نیشان‌کردنی بەشـەکانی ( سپیچ ) واتە (الکلام) چەسـپاوەو بەرامبـەر بەزاراوەی (دایلـەکت)و ( اللهجة ) نووسەرە کوردەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا تا ئیستا نەیان‌توانیوە زاراوەیەکی کوردی رەسەن بچەسپێنن : هەندیکیان ووشەی شێوە دەکەن بە دەستکەلای دەستیان‌و هەندێکی دیکە هەر زاراوەی دایلەکتی بێگانە بەکاردەهێنن • ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ وەرگێرانی واتـایی دایلەکت‌و لەهجە زاراوەی ( زار ) پەسەند دەکەین ، مەبەستیشمان لەم پەسەند کردنە تەنیا روونکردنەوەی دیاردەی ئەم زاراوەیەیە نەك خۆش‌کردنی ئـاگری بیروڕای جیاوازو نواندنی هەڵوێستی کەسی •

لە کۆڕی یەکخستنی نەتەوەی کورد لەسـەر هۆیـەکی دەربڕینی‌ی

یەکگرتوودا کە ئینگلیزەکان زاراوەی (لانگویچ) بەکاردەهێنن‌و عەرەبەکان زاراوەی ( أللغة ) پەسەند دەکەن ، نووسەرەکانمان هەندێ جار دەربڕینی (شێوەی ئەدەبی)و هەندێ جاریش دەربڕینی (زمانی ئەدەبی یەکگرتوو) سازدەکەن •

ئێمە کە دەمانەوێ لەم کۆڕەدا بە چەشنێکی پەیڕەوی‌کردن‌و تطبیقی باس لەو ڕێبازە بکەین کە دەمان گەیەنێتە ئامانج لەبەر هەمان مەبەستی پەسەندکردنی زاراوەی (زار) دەربڕینی (زمانی نەتەوایەتی) بەکاردەهێنین :

کەوابوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی ئاخاوتن‌و زارو زمانی نەتەوایەتی بەکاردەهێنین‌و لە سووچی پەیوەندی لێکۆڵینەوەکەمانەوە بە دیاردە زمانی‌یەکانی ئەم سێ زارەوەیە چەمەگی خۆمان دەخەینەروو ، هەرچەندە پێویستە دووپاتی بکەینەوە کە ئەگەر هات‌و لە پەسەندکردنی زاراوەی زارو زاراوەی زمانی نەتەوایەتی چەشنە جیاوازی‌یەك لە نیوانمان‌و نیوانی نووسەرە کوردەکاندا بەدی دەکرێت‌و لە شی‌کردنەوەی ئەو دیاردە زمانیانەشدا دیسانەوە ئەگەر هات‌و تایبەتی‌یەك بەدی‌کرا ئەم کارە لەوەوە نەهاتووە کە دەمانەوێ پێناسە جیهانی‌یەکانی ئەم دیاردانە فرامۆشی بکەین‌و لە روانگەیەکی کەسی‌یەوە بیروڕای خۆمان بسەپێنین ، بەڵکو ئەو تایبەتی‌یە لەوەوە هەڵقوڵاوە کە توێژەری داهێنەری دوور لە لاسایی‌کردنەوە پێویستە مل‌کەچی دۆخی زمانەکەی بێت‌و بە گوێرەی تەنگوچەڵەمەکانی ئەو زمانە بجوڵێتەوەو خۆی لە تۆمارکردنی پێهەڵدانی ئامادەکراو بپارێزێ •

**دیاردەی ئاخاوتن لە زمانەکەماندا :**

دیاردەی ئاخاوتن لە زانستی زمانی جیهانیدا بەوە پێناسە کراوە کە دەربڕینێکی رۆژانەیە خەلکی بۆ لەیەکتر تێگەشتن‌و بەرێوەبردنی پێویستی‌و پەیوەندی کەسبی نیوانیان بەکاری‌دەهێنن •

ئەم پێناسەیە ــ بێگومان ــ سروشتی ئەو دیاردەیە روون دەکاتەوە ، بەڵام لە راڤەکردنو شیکردنەوەیدا بەش بە بــاری نەتەوەی کورد دەبــێ سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەخاوتن وەکو دیاردەیەکی زمانی ئادەمیزادانە چالاکییەکی کەسییە ، قسەکەر لە سازکردنی دەنگو ووشــەو ڕســتەو دارشتنە گشتییەکانیدا تا رادەیــەکی زۆر ئازادو سەربەســتەو پەیڕەوی دەستوورو بنەواشەی زمانی ناکات ، بۆیــە ئەم دیاردەیــە هەمیشــە لــە ئاڵوگۆروو گۆڕان دایەو چەشەی کەسیو توانــای قســەکەر رۆژبەرۆژ هۆکانی ئەم گۆڕانو ئەو ئاڵوگۆڕە بەرپادەکەن • نموونە بۆ چەســپاندنی تایبەتییەکانی ئەخاوتن لە کۆمەڵی کوردەواریدا زۆرو بەرینن : قسەکەری بێرەیی [1] دەنگی کپی ( ل ) لە ووشەی ( لوت ) دەگۆڕی بە (ن) دەبێژی (نوت) •

هەروەها (مەندەلاوی) لە (بێرەییەکان) دیفتۆنگی (وێ) کە دەنگێکی بزوێنە لە واژەی (خوێن) ئاڵو گۆڕ دەکەنو بزوێنی ( واوی درێژ ) لە بری بەکاردەهێننو دەڵێن : (خوون) •

زۆر جاریش بزوێنی درێژ لە ئاخاوتنی رۆژانــەی ئەم خێڵە کوردەدا کورت دەکرێتەوە ، وەکو بزوێنی ( أ ) لە ووشەی (سارد) دەکرێ بە( ە )و دەگوترێ (سەرد) •

هەروەها هەندێ دوێنەر لە شاری سلێمانی جێگۆڕکی بە دەنگەکانی ووشە دەکەن وەکو : ووشەی (بنواڕە) کە لە بناغەدا (بڕوانەیە) ئەم خــووە لە ئاخاوتندا لە هەندێ ووشەی عەرەبیی وەرگیراو و خۆی دەنوێــنیی وەکو ووشەی (روعب) ، (جعمە) کە لەبناغەدا (ربع)و (جمعە)ن •

---

(١) بێرەیی : ئاوەڵناوێکە بۆ جیاکردنەوەی بەشــێك لە بەشــەکانی زاری لوری بەکار دێت .

ئەمە لە رووی دەنگ‌سازی‌یەوە بەڵام لە رووی ووشە سازیشەوە بە دەیان نموونەمان هەیە بۆ دەست‌نیشان‌کردنی رادەی ئاڵوگۆڕ کردن‌و گۆرینی زمانی کوردی نەتەوایەتی لە ئەخاوتنی رۆژانەدا :

یەکێك لەم نموونانە ووشەی (کانی آسکان)ە کە لەم دێرەی شێخ رەزای تاڵەبانیدا هاتووە :

**دریغ بۆ ئەو زەمانە ، ئەو دەمە ئەو عەصرە ئەو رۆژە**
**کە مەیدانی جرید بازی ، لە دەوری کانی آسکان بو (٢)**

ئیستا لە ئەخاوتنی دانیشتوانی شاری سلێمانی ئەو ووشەیە داتاشراوەو بووە بە (کانیسکان) : بە فڕێ دانی (ی)ی (ئیزافە)و دەنگی (همزە)و دەنگی ( ألف ) •

قسەکەری خاوەن رۆشنبیری ئاینیی لە هەڵسوو کەوتی رۆژانەیدا بە دەگمەن ووشەی کوردی پەتی بەکاردەهێنێ‌و ئەوەی سەرنج لە ئەخاوتنەکەی بدات گوێی لە رستەی وا دەبێت : (شارعەکە عوبر بکە) (قاعەکە ئیزدیحامە)و دەیان رستەی ئاوا •

هەروەها هەموومان تێبینی دەکەین کە هەندێ خوێندەواری کوردی خاوەن رۆشنبیری بێگانە ووشەی ئینگلیزی لە ئەخاوتنی رۆژانەیاندا بەکاردەهێنی وەکو ئەم رستەیە کە دەڵی : (فوندەیشنی بناکە زۆر سترۆنگە)•

قسەکەری کورد زۆر جار لە سنووری ئاڵوگۆڕکردن‌و گۆرینی دەنگ‌و ووشەی کوردی راناوەستێ ، بەڵکو لەم سنوورە دەرباز دەبێت‌و دەستکاری شوورەی پیرۆزی رێزمانی نەتەوەکەی دەکات :

---

(٢) دیوانی شێخ رضای طالەبانی : علی الطالبانی ـ ل ٣٤ چاپخانەی مەعاریف ـ بەغا ١٩٤٦ ز .

بەڵگەشمان بۆ ئەم راستی‌یە جۆر بە جۆرە : لەم رۆژانەدا بە دەگمەن دەبیستین کە دۆینەری کورد لە کاتی ئاخاوتنیدا پەیڕەوی دەستووری بنیات نانی رستەی کوردی رەسەن بکات •

بۆ نموونە ئەم دوێنەرە لە جیاتی ئەوەی بلێ : (من لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا ئیش دەکەم) تەواو کەری فەرمانی رستەکە : ( لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا دوا دەخاتو فرمانەکە پێش دەخاتو دەلێ : ( من ئیشدەکەم لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا ) •

قسەکەری کوردی (رووسا)[3] لە ئەخاوتنیدا زۆر جار زمانی کوردیو فارسیو عەرەبیو تورکی تێکەڵدەکاتو رستەی سەیر سەیر دروست دەکات ، وەکو رستەی :

(گوفتە مش) : (پێم‌ووت) •

(نان موخۆرەم) : (نان دەخۆم) •

(صباحی موچوم) : (بەیانی دەرۆن) •

دۆینەری (دەست‌پوولی)[4] لەم رێگایەدا هەموو ریچکەیەك دەشکێنیو بە دارِشتنی وا ئەخاوتن ساز دەکات کە رەنگە نەزانین لە چی‌یەوە دروستی کردوە : وەکو دارشتنی (سی‌چی) بە مانای : (بۆچی)و (ئەژ مەکە میای) بە واتای (لە مەکەوە هاتووە) •

دیاردەی ئاخاوتن بەم هەموو دەرباز بوونە لە سروشتی زمانی نەتەوایەتیمان هەندی جار خۆی لە کۆڕی هەڵبەست هۆنینەوەو هۆنەری هۆنراوەدا دەنوێنێ •

---

(٣) رووسا : لە گەرەکی (قەلعە) لە شاری (بەدرە)دا دەژین .
(٤) دەست پوولی‌یەکان : دانیشتوانی گەرەکی (نووکەر نازر)ن لە شاری (بەدرە)دا هەروەها لە شاری کوتو قەلعەسوکر و حی‌و نعمانیە دەژین.

بەڵگەمان تەنیا بۆ سەرنج راکێشان ئەم دێرە هۆنراوەیەی مامۆستا (گۆران)ە کە دەڵێ :

**ئازادی خواز : گری‌گری ..**
**کەوتنە ژێر پێی درنج پەری (٥)**

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕەدا هەستیار فرمانی ( کەوت )ی پێش خستوەو لە جیاتی ئەوەی بە گوێرەی ڕیزمانی کوردی بڵێ : ( پەری کەوتە ژێر پێی درنج ) ووتویەتی : کەوتە ژێر پیی درنج ) .

**دیاردەی زار لە زمانی کوردیدا :**

زمانەوانە پسپۆرەکان پێناسەی زار بەوە دەکەن کە شێوەی لێدوان‌و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکداو ئەم شێوە لێدوان‌و قسەکردنەش هەرچەندە ، چەند تایبەتی‌یەکی دەنگ سازی‌و ووشەسازی‌و رستەسازی خۆی هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەی ئەو خەڵکەو پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتی‌یە ، چونکە لەبەر چەند هۆیەکی جیوگرافی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و رامیاری لە قۆناغێکدا سەر دەردەهێنێ‌و پەرەدەستێنێ .

لە مێژەوە نووسەرە کوردەکان تێبینی دیاردەی زاریان لە زمانی کوردیدا کردوەو هەوڵی ئەوەیان داوە کە سەرچاوەکانی بخەنە روو و لق‌وپۆپەکانی دەست نیشان بکەن :ــ

تازەترین بەرهەمی ئەم هەوڵدانە ــ هەر وەکو بزانین ــ لە دوو توێی باسەکەی(٦) دکتور جەمال نەبەزدا خۆی دەنوێنێ‌و کە زارە کوردی‌یەکان

(٥) دیوانی گوران : ل ٢٣٦ ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ــ بەغدا ١٩٨١ ز ــ ب١ .

(٦) بروانە زمانی یەکگرتووی کوردی : دکتور جەمال نەبەز ل ٢١ ــ ٢٢ ــ بامبێرگ لە ئەڵمانیای رۆژاوا ١٩٧٦ ز .

بەسەر دوو شێوەی بنچینەیی‌و دوو شێوەی لاتەنشتیدا دابەش دەکات :ــ

**ا ــ دوو شێوەی بنچینەیی‌یەکە :**

**١ ــ کرمانجی ژوورووو :**

ئەم شێوەیە زاراوەکانی بــۆتانی‌و جزیرەیی‌و هەکاری‌و بــادینانی‌و ئاشێتەیی‌و بایەزیدی دەگرێتەوە کە زاراوەی جزیرە بەسەر هەموویاندا زاڵ بووەو خۆی کردووە بە شێوەی ئەدەبی‌ی ئەم کۆمەڵە •

**٢ ــ کرمانجی نیوەراست :**

ئەم شــێوەیەش زاراوەکانی ســلەیمانی‌و ســنەیی ــ ئەردەلانی‌و کەرکووکی ــ گەرمیانی‌و هەولێری ــ سۆرانی‌و موکری‌و شــارباژێری‌و پژدەری دەگرێتەوە کە زاراوای ســلیمانی بەســەر هەموویاندا زاڵبووەو خۆی کردووە بە شێوەی ئەدەبی‌ی ئەم کۆمەڵە •

**ب ــ دوو شێوە لاتەنیشتەکە :**

**١ ــ کرمانجی‌ی ژێروو :**

ئەمەش زاراوەکانی فەیلی‌و کرماشانی‌و لەکی‌و کەڵهوری‌و خانەقینی‌و هێندی لەو زاراوانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی ( لوری ) دەدرێنە قەڵەم •

زاراوەکانی ــ گۆران ئــەو زاراوانەن کە لــە هەورامان‌و ناوچــەی زەنگەنەو ناوچەی کاکەیی‌یەکان لە کەرکووك قسەی پێ‌دەکرێ •

**٢ ــ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ــ زازایی :**

زاراوەکانی زازاش لــە ناوچــەکانی بین‌گول‌و ناوچەکانی ئــەلەزیر ( دێرسم ) ، خەرپووت (مەعدن)و لە ئورفە (سیوێرەك) لەلایەن ٢٥٠ هەزار کەسێکەوە قسەیان پێ‌دەکرێ •

ئەم دابەش کردنەی زارەکانی زمانی کوردی‌و دەست نیشان کردنی

ناوچەکانیان هەرچەندە وردو و فراوانە ، بەڵام پێویستە سێ تێبینی ناراستەو خۆو بەبۆنەی کورتکردنەوەکەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بچەسپێنین :ــ

**تێبینی یــەکەم :**

ئەوەیە دکتور جەمال نەبەز کۆمەڵە زارەکانی ( کرمانجیی ژێروو )و ( کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ــ زازایی ) بە دوو شێوەی لاتەنیشت ناودەبات •

ئەم ناوبردنەش بەلای ئیمەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم زارانە لە زمانی کوردیدا نرخێکی سەرەکییان نییــەو دەتوانرێ لابــەلا تەماشا بکرێن ، کەچیی زانستی زمان بەهیچ کلوجێك لەم روانگەیەوە تەماشای هیچ زارێك ناکات ، چونکە زاروە کو دیاردەیەکی سروشتی ، چەند ناوچەکەی تەسك بێتو ژمارەی قسە پێکەرەکانی کەم بێت بە بەشێکی زیندوو لــە بوونو قەوارەی زمانەکەیدا تەماشا دەکرێو لە لێکولینەوەی پســپۆردا گرنگی دەدرێتێ •

**تێبینی دووەم :**

لەوەوە دێتەکایەوە کە دکتور جەمال نەبەز زاراوەی کرمانجی لە جیاتی زاراوەی کوردی بــەکار دەهێنێتو زارەکانی بــە ئاوەڵناوی کرمــانجی جیادەکاتەوە : راستە کە نووسەر خۆی بڕوای وایە کە ووشــەی کوردیو ووشەی کرمانجی هەردووکیان بۆ تاقەیەك مانا بەکاردەهێنرین[٧]و چــەند نووسەریکێش بەر لــەو هەر زاراوەی کرمانجیان بــۆ دابەشکردنی زارە کوردییەکان بەکارهێناوە ، بەڵام بەکارهێنانی زاراوەی کوردی لە وەسپی ئەو زاراوانەدا پڕ پێستی خۆیەتیو ڕێگا لەوانە دەگرێ کە لە باسکردنی ڕەگەزو و نەژادی کوردا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە هەندێ لەو زارانە کوردی نینو پاشماوەی زمانی ئەو نەتەوە ناکوردانەن کە لە کاتی بەربلاوی

(٧) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٢١ •

دەستەڵات دارێتێ مادەکاندا لەگەڵ ڕەگەزی نەتەوەی کوردا تێکەڵ بوون •
تێبینی سێیەم :

لەوەوە بەرپا دەبێت کە دکتور جەماڵ نەبەز لــە ناوبردنی ( کۆمەڵە شێوەی گۆرانی زازایی) پلانە جیوگرافی‌یەکەی فەرامۆش دەکات‌و شوێنی ئەم زارانە بەسەردێرێکی ناوچەی دەست نیشان ناکات لە کاتێکدا دەی‌توانی لە سەر پلانەکەی خۆی بڕوات‌و بە گوێرەی نەخشەکەی لە ناوچە بەرینەکەی زمانی کوردی کێلگەی ئەم کۆمەڵە زارانە دەست نیشان بکات • جا لەبەر تیشکی ئەم تێبینی‌یەنانەدا ئێمە دەتوانین سوود لە سەرنجە مەیدانی‌یەکەی(٨) ماموستا زەبیحی وەربگرین‌و زارە کوردی‌یەکان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش بکەین :ــ

**یەکەم : زارەکانی کوردی ژووروو :**

**بەشی یەکەم : (زارەکانی کوردی ژووروو)**

کە لە هەرکی‌ی‌و شکاکی‌و جــەلالی‌ی ( بایەزیدی‌ی )و هەکاری‌ی‌و جزیری‌و عفرینی‌و دومبلی‌و بادینی پێك‌هاتووە •

**بەشی دووەم : (زارەکانی کوردی ناوەند)**

کە زاری موکریانی‌ی‌و سۆرانی‌ی‌و سلەیمانی‌ی‌و شوانی‌ی‌و جافی‌ی‌و سنەیی‌ی‌و گەڕووسی‌ی تێدا بەدی دەکرێ •

**بەشی سێیەم : (زارەکانی کوردی خوارو) :**

کە زاری کرماشانی‌و کەڵهوری‌و کولیایی پیرەوەندی‌و لەکی‌ی‌و لوری سازی دەکەن •

---

(٨) بڕوانە قاموسی زمانی کورد : عبدالرحمــن محمــد زەبیحی ل ٤٢ ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ــ بەرگی یەکەم .

ئەگەر بەسەرپێیی سەرنج لەم بەشە زارانەی زمانی کوردی بدەین و لقوپۆپەکانی بژمێرین ، رەنگە ئیتر وابزانین کـە وەدەستهێنانی زمانێکی نەتەوایەتیی خاوەن قەوارەیەکی پتـەو و بوونێکی یەکگرتوو کارێـکی هەرگیزاو هەرگیز سـەرنەگرتووە ، بەتایبەتی ئەگەر هات و لـە هـەندی لێکۆلینەوەی کوردیـدا هێمایـەکمان دەربارەی هـۆیەکانی پەیـدابوونی دیاردەی زارو دوا رۆژی زمانی کوردی خوێندەوە کە دەڵی : « ژیان و باری جوگرافی و مێژوویی و سیاسی کۆمەڵ دیالێکتی جیاجیا لە زماندا دروست ئەکات و چەند بەشە دیالکتێك لەیەك جیادەکاتەوەو دیـالێکتێکی تریان لێ دروست دەکات • بەم جۆرە دیالیکتەکانی زمان لەگەڵ گۆڕانێکی بەردەوامی بێوەستاندا تا زمـان بمێنێت دیالیکت و بەشـە دیالیکت دەبێت ، بـەلام نەخشەی ئەم دیالێکت و بەشـە دیالێکتە بەردەوام و بە ماوەی درێژ دێتـە گۆڕینی ( دەگۆڕێت ) کەواتە لەبەر رۆناکیی ئەم راستییەدا دروشـمی یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە دروشمێکی ساکارو دوور لـە زانست و لە هاتنەدی دێتەبەرچاو »(٩) •

ئەگەر بەسەرپێیی ئەم چەشنە بیروڕایە لە خسـتنە رووی بزوتنەوەی دیاردەی زار لە زمانداو سەرئەنجامەکەی دەربارەی یەکخستنی زارەکانی زمانی کوردی وەربگرین بێگومان ئەگەینە ئاکامێکی نازانستی کە دیاردەی ئاخاوتن و دیاردەی زارو و دیاردەی زمـان هەرسـێکیان تێکەڵ دەکات و سنووری نێوانیان پێشـێل دەکات و رەشـبینییەك لە عاسـتی ئـاواتی چارەنووسی دەربارەی زمانی نەتەوایەتی کوردی بەسەرماندا دەسەپێنێ • ئەوەی جێگای داخە ئەم ئاکامە نازانستییە لە مێژەوە بـە جۆرێکی فراوان

---

(٩) گۆڤاری پەروەردەو زانست ــ دیالێکتەکانی زمانی کوردی و گیروگرفت و چارەسەرکردنیان : د. عزالدین رسول مصطفی ــ ژمارە (٦) سـالی سێیەم پایزی ١٩٧٣ ل ٨٦ ــ ٨٧ •

کۆڕانەدا

باڵی کێشاوە بەسەر ئەو کوردانەدا کە بـۆ چارەسەرکردنی نەبوونی زمانی نەتەوایەتی کوردی دەبەسترانو ڕێگای هەوڵداتێکی مەیدانی‌یان لە پسپۆڕو شارەزاکانی زمانی کوردی دەگرتو هەموو گفتوگۆکانیان لە کۆنگرەکانی شەقلاوەی ساڵی ۱۹۶۰و ۱۹۶۱و ۱۹۷۳ دا بەبێ ئەنجام دەهێشتەوە :ــ

ڕاستە کە دیاردەی ئاخاوتن لە زماندا ئەگەر هاتو هۆی قسەکردنی خەڵکێکی بێ‌ڕۆشنبیری یەکگرتوو بوو هەمیشە وەکو چالاکی‌یەکی کەسی‌و خودی لە گۆڕاندا دەبێتو تا دێت بە هەنگاوی فراوان لە دیاردەی زارو لە دیاردەی زمان دەپچڕێ ، بەڵام زار کە شێوەی قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە چەند لە زمانی نەتەوایەتی‌ی ئەو خەڵکەوە جیاواز بێت بە هیچ جۆرێك خۆی لێ ناپچڕێنیت ، چونکە بەشێکە لەو زمانە نەتەوایەتی‌یەو لە ڕێگای دەستوری فۆنەتیکی‌و بنەواشەی ووشەیی‌و ڕێزمانی‌و ڕستەسازی‌یەوە خۆی لەگەڵ ئەو زمانە قایم‌دەکاتو هەنگاو بە هەنگاو لە تەکیدا پەرە دەسەنێت ، هەتاکو دەرفەتی ڕۆشنبیری زانستی‌و کۆمەڵایەتی وای بۆ دەخوڵقی کـە لەگەڵیدا یەکبگرێتەوەو مەیدانی بیری نەتەوایەتی بۆ چۆڵ بکاتو ئیتر ئەو زمانـە نەتەوایەتی‌یە بە تەنیا ببێت بـە هۆی دەربڕینی گشـت کۆمەڵ ــ خێـڵ‌و عەشرەت‌وچینی ئەو نەتەوەیە •

ئەم ڕاستی‌یە زمانی‌یە تا ئیسـتا ڕابـەری توێژەرە کوردەکانی لـە چارەسەرکردنی باری زمانی نـەتەوایەتیمان نـەکردووەو زووربەی ئـەو توێژەرانە ئاخاوتنی ڕۆژانەیان دەکەن بە نموونەی زارەکەیان : بـە مانای ئەوەی ئەگەر هاتو داواتکرد لە خوێندەوارێکی ( لووری ) ووشەیەك بە زارەکەی بهێنێتەوە کە بەرامبەی ووشەیەك بێت بـە زاری بادینـانی ئەو ووشەیە لە دەقێکی وێژەیی یا فولکلوری ڕەسەنەوە ناهێنێتەوە ، بەڵکو لە قسەی ڕۆژانەی خۆی وەری‌دەگرێت ، بۆیە ووشەکەی لـە چاو ووشـە بادینانی‌یەکە زۆر جیاواز دەبێت •

هەروەها ئەگەر ویستمان دەستورێکی ڕێزمانی (سۆرانی) لەگەڵ دەستورێکی ڕێزمانی (کلهوری) لە ئاخاوتنی دوێنەرانی ئەم دوو تاقمە کوردەدا بەراورد بکەین ئاسمانو ریسمان دەبن •

سەرئەنجام ئێمە لەو باوەڕەداین کە نابێ سنووری دیاردەی ئاخاوتن تێکەڵ بە سنووری دیاردەی زار بکەین ، بەڵکو دەبێ ئاگامان لەم دوو سنورە بێتو بەهیچ جۆرێك ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵکی کوردستان نەکەین بە سەرچاوەی دەنگسازیو فەرهەنگ سازیو رستەسازی زمانی نەتەوایەتیمان •

**دیاردەی زمانو نەتەوە :**

زمان لەبەر رۆشنایی زانستدا دیاردەیەکی نەتەوایەتی‌یە کە گشت ئەندامەکانی ئەم نەتەوەیە سەرەڕای جیاوازی ناوچەیی‌و دووبەرەکی خێڵایەتی‌و زۆرانبازی چینایەتی‌و جۆربەجۆری رادەی رۆشنبیری وەکو دەربرینێکی یەکگرتوو لە یەکدانە دەنگو رێككەوتنی ووشەو یەکچوونی ڕستەسازی بەرهەمی رۆشنبیری‌و زادەی هۆشمەندی‌و هەستو نەستیان بە هۆیەوە تۆمار دەکەنو دەستەڵاتداری‌یان بەهەر جۆرێك بێت ئەو هۆیە بۆ رابەری‌یان بەکاردەهێنرێتو قەوارەی نەتەوایەتی‌یان بە ئاکامەکانی دەپارێزرێت •

ئەم دیاردە نەتەوایەتی‌یە هەڵبەست لە چاوی زاروو ئەخاوتن ئاکامێکی جیاوازەو جیاوازی‌یەکەیش لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێ :

**یەکەم :**

زمان هۆی دەربرینی گشت ئەندامەکانی نەتەوەیەکە ، بەڵام زار شێوازی دەربرینی کۆمەڵێك لەو نەتەوەیەیە کە لەبەر پچراوی ناوچەی دانیشتنەکەیان یان یەکێتی خزمایەتی‌یانو چەند دەرفەتێکی دی پەیوەندیان

به سەرچاوەی بیریو زانستیو رۆشنبیری لاواز دەبێت ، کەچیی ئاخاوتن چالاکی‌یەکی کەسی‌یە لە کۆڕی ئیش‌وکاری رۆژانـەدا لەبـەر خـێرایی گەیشتن بە مەبەست بەبێ پەیرەوی کردن شێوەی زارو دەستووری زمـان ئەنجام دەدرێ •

دووەم :

زمان تۆمارگای رۆشنبیری زانستیو وێژەی نەتەوەیەکە ، بەڵام زار ئاوێنەی لێدوانێکی تەنگەبەرە هەرچەندە دەشێ ئەم ئاوێنەیە دەنگدانەوەی جۆرە بەرهەمێکی هۆنراوەیی بێت لە کاتی ستی زاڵ بوونی زمان بەسەر چەند پارچەیەك لە کۆمەڵگای نەتەوەدا •

بەڵام ئاخاوتن هەمیشە تارمای‌یەکی واژەیی‌یە بەبێ شوێنەوار ئەرکی کاتی خۆی بەدی‌دەهێنیو ئاوا دەبێت •

سێیـەم :

زمان بۆ هەموو لایەنەکانی لە دەنگو ووشەو رستەو دارشتنی گشتی دەستوری چەسپاو نووسراوی خۆی هەیە لە کاتێکدا کە زارەکانی ئەم زمانە دەستورەکانیان پچڕپچڕنو رێگای پەیدابوونیان بەلابەلایی لە سەرچاوەی زمانی نەتەوایەتی جیابونەتـەوەو بە گوێـرەی ڕادەی پەیوەندیـان بـەم سەرچاوەیەوە لە لەنگرخستن یاخود لە گۆڕان دەبن •

بەڵام ئاخاوتن لادانێکی بنەرەتی‌یە لە زۆربەی تایبەتی‌یەکانی زمـانو زار ئەگەر بێتو سنورێکی بۆ دانەنرێ هەمیشە لە گۆڕاندا دەبێتو تـا دێت بە هەنگاوی فراوان لە زمانی نەتەوایەتیو زاری ناوچەیی جیادەبێتەوە•

ئەم جیاوازی‌یە بنەرەتی‌یانە لە نێوانی دیاردەی زمانو دیاردەی زارو دیاردەی ئاخاوتن پرسیارێکی سەرەکی دەربارەی کاتی لە دایك‌بوونی هەر یەکێك لەم سێ دیاردەیە بەرپا دەکات • هەندێك لە پسپـۆران لەو بـیرو

باوەڕەدان کە زمان بە کوتوپڕی بۆ نەتەوەیەك لە دایك دەبێت : لەم پسپۆرانە ( شلیغل )ە Schlege کە لەو بڕوایەدایە : «زمانی سنسکریتی بە تەواوی‌و پێگەیشتوی هاتۆتە کایەوەو ئەم زمانە کۆنترین زمانی هندو ئەوروپی‌یە » • (۱۰) •

هەندێکی دیکە رای وایە کە زمان دیاردەیەکی خەملاو و پێشکەوتووە نەتەوە لە قۆناغی لوتکەی پەرەسەندنی ئابوری‌و رۆشنبیری‌و شارستانێتیدا وەدەستی دەهێنێت‌و دەیکا بە شورەی قەوارەی تایبەتی خۆی •

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەم دوو تاقمە لە پسپۆران بیرو ڕاکانیان چەند جیاوازو یەکدگیر نەبێ ، بەلام لە رووی ئاکامەوە یەك سەرەنجام دەچەسپێنن ، ئەم سەرئەنجامەش ئەوەیە : زمان لوتکەی پەرەسەندنی بوون‌و قەوارەی نەتەوایەتی‌و زارو و ئەخاوتن وەکو دوو دیاردە لە پەیدابوونیاندا قۆناغی لێژبوونەوەی ئەو لوتکەیەیە •

**زمانی نەتەوایەتی کوردی :**

پسپۆری کوردو ئەوانەی لە زمانی کوردیدا کارامانە ئیش‌دەکەن لە کۆڕی لێکۆلینەوەو بیردۆزیدا بە رەنگاری گەلێ کۆسپ‌و تەگەرە دەبن کە دەیانەوێ سیماو تایبەتی‌یەکانی زمانی نەتەوایەتی کوردی دەست نیشان بکەن‌و رەنگە بگەنە سەر ئەنجامێك‌و بلێن : زمانی نەتەوایەتی کوردی هیچ رۆژێك لە رۆژان لە دایك نەبوەو نەتەوەی کورد لەبەر چەند هۆیەکی دەست نیشان‌کراو نەی توانیوە بە زمانێکی یەکگرتوو بوون‌و قەوارەی خۆی بنوێنێ •

بەلگەکانی ئەم سەرئەنجامە بێگومان زۆرو جۆر بە جۆرن ، ئێمەش هەلبەت لەم لێکۆلینەوەیەدا مەبەستمان مشتومڕی بیردۆزەیی نی‌یە ، بۆیە

(۱۰) علم اللغة ص ۱٦٦ ــ ۱٦۸ •

به چەشنێـــکی فراوان لەو بەڵگانــە ناکۆڵێنــەوەو خۆمــان خەرێــکی پوچ‌کردنەوەیەکی دەمەتەقەییان ناکەین ، بەڵکو بڕیاری ئەوە دەدەین کە زمانی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە قوناغێکی مێژوویماندا لــە دایك بووەو ڕەگو ریشەی لە زەمینەی باری هەمە چەشنەی ئەم نەتەوەیــە داکوتاوەو پەرەی‌سەندوەو وەکو زمانی نەتەوەکانی دی ئەم سەر زەوی‌یــە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە •

بەڵگەمان بۆ سەلماندنی ئەم بڕیارە لە تێکستو دەقی وێژەی ڕەسەنو فۆلکلۆری کوردیدا بە ڕوونی خۆی دەنوێنێــتو بە چەشنێــکی ئاشکرا شاهیدو نموونە لە زارە کوردی‌یە جۆر بە جۆرەکانەوە دەدا بە دەستەوە •

جا ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازێکی بەراورد کاریدا هەندێك لــەم شاهیدو نموونانە دەهێنینەوە :

لە رووی دەنگ‌سازی‌یەوە بەڵگە نەویستە کە دەنگە کپەکان لە هەموو زارە کوردی‌یەکاندا یەکچوونو هاوبەشنو هیچ جیاوازی‌یەکی فۆنەتیکی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ ، بەڵام هەندێك لە دەنگە بزوێنەکانی بە تایبــەتی جۆرەکانی بزوێنی (واو) لە زارێکەوە بۆ زارێکی دی چەشنە جیاوازییەك لە سازکردنیاندا بەرگوێ دەکەوێ :

بۆ نموونە لە زارەکانی کوردی ناوەندا دەنگی بزوێنی واوی کراوە ( ۆ ) لە زارەکانی کوردی خوارووی دەکرێ بە بزوێنی واوی درێژ ( وو ) هەر وەکو لەم ووشانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

| **زارەکانی کوردی ناوەند** | **زارەکانی کوردی خواروو** |
| --- | --- |
| بۆر | بوور |
| سۆز | سووز |
| هۆز | هووز |

ئەم شاهیدو نموونانە ــ بێگومان نابێ ئەوە بسەلمێنێ کە لە زارەکانی کوردی خواروودا بزوێنی واوی کراوە نەبووەو ئەم زارانە لە سووچی ئەم دەنگە بزوێنەوە لە زمانی نەتەوایەتی کوردی پچڕاون ، چونکە لە فەرهەنگی زاری لوری پچوکدا کە بڕبڕەی پشتی ئەم کۆمەڵە زارە کوردی‌یانەیە دەنگی واوی کراوە بە ئاشکرا دەبسترێ :

باشترین بەڵگە بۆ چەسپاندنی ئەم راستی‌یە ئەوەیە کە دوێنەر بەم زارە کۆنسنەتی (واو) لە ووشـــەی ( حوض )ی عەرەبی دەکا بە واوی کراوەو دەبێژی (هۆز) ، کەچی دوێنەر لە زاری سلێمانی دەستکاری ئەم کۆنسنەتە ناکات و وەکو بێژە عەرەبی‌یەکەی دەی‌هێنێتەوەو دەڵی (حەوز) •

ئەم بەڵگەیە هەڵبەت ئەوە دەگەیەنێ کە بزوێنی واوی کراوە لە زاری لوری بچوکدا دەنگێکی وا رەسەن و بنەرەتی بووە دوێنەرەکەی تەنانـــەت دەنگی ووشەیەکی عەرەبی‌ی دەخاتە بۆتەی فۆنەتیکی زمانی نەتەوایەتی‌و دەی‌گۆڕێ • نموونەیەکی‌تر بۆ جیاوازی دەنگە بزوێنەکان لەو کۆمەڵـــە زارە کوردی‌یانەدا ئەوەیە کە بزوێنی واوی درێژ (وو) لە زارەکانی کـــوردی ناوەندا لە زاری لوری بچوکدا دەگۆڕێ بە واوی قووچاو ( ۆ ) :

نموونەشمان بۆ ئەم دیاردە فۆنەتیکی‌یە لەم ووشـــانەی خوارەوەدا بەرگوێ دەکەوێ :

| زارەکانی کوردی ناوەند | زارەکانی کوردی خواروو |
| --- | --- |
| پویل | پول |
| دویر | دور |
| قویل | قول |
| موی | مو |
| بوی | بو |

ئەم دیاردە فۆنەتیکییە دیسانەوە نابێ ئەوە بگەیەنێ کە زاری لوری پچوك لە دەنگی واوی درێژ کە دەنگێکی رەسەنە لە خەزنەی دەنگەکانی زمانی نەتەوایەتی کوردی بێبەشە •

بەڵگەشمان لەسەر ئەم راستی‌یە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەنگی واوی درێژ لە چەند ووشەیەکی فەرهەنگی ئەم زارە خۆی پاراستووە : وەکو ووشەی لوورەلوور • هەروەها دوێنەر بە زاری لوڕی پچوك هەمیشە دەستکاری بزوێنی واوی درێژ ناکات بە تایبەتی ئەگەر هات‌و ئەم دەستکاری‌یە بوو بە هۆی گۆڕینی واتای ووشەکان : بۆ نموونە بزوێنی واوی درێژ لە ووشەی (روون)دا لە زاری لوری پچوك هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە چونکە ئەگەر دوێنەر بەم زارە دەستکاری بزوێنی ئەم ووشەیەی کرد واتاکەی دەگۆڕی‌و بە مانای (رۆن) لە زاری سلێمانیدا دێت•

جگە لەو دوو جۆرەی بزوێنی (واو) (وێ) کە دیفتۆنگێکە لە زارەکانی کوردی ناوەند دوێنەر بە زاری لوری بچوك لە هەندی ووشەدا دەستکاری دەکات‌و دەی‌کات بە واوی درێژ وەکو ، ئەم ووشانەی خوارەوە:

| زارەکانی کوردی ناوەند | زاری لوری پچوك |
|---|---|
| سوێر | سوور |
| کوێر | کوور |
| نوێ | نوو |

ئەم ووشانە دیسانەوە نابێ ئەوە بگەیەنن کە دیفتۆنگی (وێ) لە زاری لوری بچوکدا نەبووەو نی‌یە ، چونکە ئەم دیفتۆنگە لە ووشەی (خوێن)و (شوێن) بەرگوێ دەکەوێ •

هەروەکو لەم دێرە فولکلوری‌یە لوری‌یەدا دەردەکەوێ کە دەڵی :

**خوێنم کرده تەشت ئەی بێ ئیمانە**

**لە شوێنم سەوز بو داری بێگانە**

لە هەمان کاتدا بنەواشەی گۆڕینی (وێ) بە (وو) دوێنـــەر بەزاری لوری بچوك پێڕەوی ناکات ئەگەر هاتو پەیڕەوی کردنەکەی بوو بە هۆی گۆڕینی مانای ووشەکە : بۆ نموونە بزوێنی ووشەی ( گوێز ) نـــاکرێ بە واوی درێژو نا ووتری (گووز) چونکە واتای ووشـــەکە بە چەشـــنێکی بنەرەتی دەگۆرێ •

کەوابوو ئێمە دەتوانین لەبەر تیشکی شی کردنـــەوەی ئەم شـــاهیدو نموونانەدا دەستورێکی فۆنەتیکی سازبکەین‌و بلێین : زارەکانی کـــوردی ناوەندو زارەکانی کوردی خواروو بە رێـــگای یەکچـــوونی‌و هـــاوبەشی جۆرەکانی بزوێنی (واو)ە وە دەگەنە زمانی نەتەوایەتی کوردی‌و دوێنـــەران بەم دوو کۆمەڵە زارە کوردی‌یانە رۆژێك لە رۆژان بەیەك فۆنەتیك بێژەی هەموو چەشنەکانی بزوێنی واویان کردوە •

لە رووی ووشەسازی‌یەوە هەروەهـــا زمـــانی نەتەوایـــەتی کوردی فەرهەنگێکی یەکگرتووی لە واژەو زاراوەو دەربرینی هاوبەشی هەبووە ، بەڵام وردە وردە لەبەر هۆیەکانی پچڕپچڕکردنی ئەم زمانە بەسەر چەنـــد زارێکدا ئەو فەرهەنگە تا رادەیەك ئاوا بوو و بەرەو نەمان خەریکە هەنگاو هەڵدەگرێ :

بەڵگەمان لەسەر بوونی فەرهەنگی یەکگرتووی زمانی نەتەوایـــەتی کوردی دیسانەوە لە هۆنراوەی دێرێنی رەسەن‌و فۆلکلورەوە هەڵدەقوڵێ : بۆ نموونە لە زارەکانی کوردی ناوەندا لەم رۆژانەدا ووشەی ( من ) راناوی دوێنەری جودایەو ئەم راناوە لە زارەکانی کوردی ژووروودا (ئەز)ە •

نالی کە بە یەکێك لە زارەکانی کوردی ناوەند قسەی دەکرد هەمـــان راناوی زارەکانی کوردی ژووورووی بەکارهێناوەو ووتویەتی :

**گەر نییە ئاور لە سینەمدا بەتاو**
**بۆچ لەبەر قۆلقوڵ غەریقی ئاوم ئەز ! (١٠)**

لورەکان ئیستا ووشەی (جاروو) بەکار دەهینن خەلـکی سـلێمانی بەرامبەر بەم ووشەیە ووشەی (گسك) سازدەکەن •

نالی لە یەکی لە هەڵبەستەکانیدا ووشەی (جارووب)ی بەکارهێناوەو ووتویەتی :

**بۆ تۆزی رەهت دیدە سەقاوو موژە جاروب**
**ترسام کە لە پێت چێت دەمێ جێت بماڵم (١١)**

لە فەرهەنـگی زاری ( بێرەی )دا کە یەکـێکە لـە زارە کوردی‌یـە خوارووەکان لە جیاتی ووشەی ئەژنـۆ زاری سـلێمانی واژەی (زانوو) بەکارهێناوەو ووتویەتی :

**لەبت بوو داروویی جێ‌نشینی ماری عقربت نەتدا**
**هەتا ئەمرم بە حەسرەت بابدەم دەستم بە زانوودا (١٢)**

هەمان هەستیار لەبری ووشەی (شەرمەزار) کە لەم رۆژانەدا خەلکی شارەکەی بەکاری دەهێنن ووشـەی (تەریـق)ی لـوری بەکارهێنـاوەو ووتویـەتی :

**طریقی عشقت گەر وون‌کەم تەریقی دەشتی محشر بم**
**قیامەتم ناوێ جەننەت بەبێ تۆ گەر مخیر بم (١٣)**

دۆێنەر بەزاری سۆرانی لە زارە کوردی‌یە ناوەندەکان ئیستا ووشەی (بیستن) بەکاردەهێنێ لوری‌یەکان بە پێچەوانـەی ئەوانـەوە ووشـەی

(١٠) دیوانی نالی : مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی‌ی ل ٢٢١ •
(١١) هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٢٨٧ •
(١٢) دیوانی سالم ل ٢٠ •
(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٢٧ •

(ئەژنەوم) بەکاردەهێنن : مصطفی بەگی کوردی هەمان ووشەی لوری‌یەکەی ئەم رۆژانەی بەکارهێناوەو ووتویەتی :

**دوو سەد جار گەر بە گوێی خۆم حەرفی ساردت بژنەوەم شادم**
**جوابی تەڵخ من زیبەد لەبی لەعلی شەکەر فارا (١٤)**

لە هەمان سووچەوە سۆرانی‌یەکان ووشەی (سوور) بەکاردەهێنن کەچی بەرامبەر بەم ووشەیە لە زاری لوریدا ووشەی (قرمز) بەرگوێ دەکەوێ • کوردی کە هەستیارێکی سۆرانی‌یە بە دەربرینی ئەمرۆ ووشەی (قرمز)ی بەکارهێناوەو ووتویەتی :

**دڵی (کوردی) کە گرفتاری جبەی (قرمزیە)**
**بۆچ دەکەن مەنعی بە خوێنی دڵ ئەگەر بەرگی دەشۆت**

لە زاری لوریدا بەرامبەر بە ووشەی (شایی) هەر ووشەی (سور) بەکاردەهێنرێ •

حاجی قادری کۆیی هەمان رێچکەی گرتۆتەبەرو ئەم ووشە لوری‌یەی بەکارهێناوەو ووتویەتی :

**سەوادی ئەعظمی قوسطەنطەنیە**
**گەلێ بەدناوی کرد ئەو صەوری ئەعظەمە**
**بە دەستورو بە قانونو نظامی**
**خودا دایناوە سوری بوو بە ماتەم (١٥)**

لە ناوچەی سلێمانی لەم رۆژانەدا ووشەی (هیلاك) یان (ماندوو) بەرگوێ دەکەوێ ، بەڵام لە لوریدا هاوواتایی ئەم دوو ووشەیە ووشەی

---

(١٤) دیوانی کوردی ل ١٣ .
(١٥) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ چاپی سیەمین ـ چاپخانەی هەولێر ـ ١٩٦٩ ـ ل ٣٨ .

(شەکەت)ە مامۆستا گۆران کە خەلکی ناوچەی سلێمانی‌یە لە پێشــەکی هەلبەستی (زەنگ زویری) ووشەی (شەکەت) بەکاردەهێنێ‌و دەلێت :

« هەندێ جار لە قۆلایی دلمدا هەستی پەستییەك ئەکەم لە چەشــنە مەستیەك ئەچێ لەگەل ئەوەشدا ئەوەند بیرو خەیالو لێکدانــەوەم لــێ ئەورۆژێنێ شەکەتم ئەکات »(١٦) •

ئەم نموونانەو سەدان نموونەی هۆنراوەی‌و پەخشانی لەم تــەرزە دەی‌سەلمێنن کە نەتەوەی کورد بە هەموو تیرەو عەشرەت‌و خێلەکانی‌یــەوە لەو سەردەمەدا بەو ووشــە یەکگرتووانــە دەدوان هەســتیارەکانیان لــە فەرهەنگێکی یەکچۆنەوە موفرەداتی خۆیان هەلدەهێنجاو دیاردەی جیاوازی دوێنەرانی ئەمرۆ بە ووشەکانیانەوە سەر ئەنجامێکی دوورکەوتنەوەیانە لــە زمانە نەتەوایەتی‌یەکەیان • هەمان راستی بە چەشنێکی گرنگ‌تر لە یەکێتی رێزمان‌و دەستوری زمانی نەتەوایەتی کوردی‌یەوە خۆی دەنوێنێت‌و بــەبێ شك بوونی درەختی سەوزی ئەم زمانە دەسەلمێنێــت‌و دەری‌دەخــات کە دوێنەرانی ئەمڕۆ بە زارە کوردی‌یەکان رۆژی لە رۆژان لەبەر تیشکی ئەو دەستورو رێزمانە یەکگرتووەدا رستەو دەربڕینیان سازدەکرد :

لورەکان ئیستا بەپێچەوانەی دوێنەران بە زارە کوردی‌یە ناوەندەکان پاشگری (ەوە) نالکێنن بە ئەو ووشەیەی ئامرازی (بە)ی پەیوەندی لــە پێشیەوەی هاتووەو دەلین : چەقۆکە بە دەستمە ) •

ئەم بارە ئەگەر بکرێ بە سەرچاوەی رێزمانی لوری ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم زارە لە چاوی ئەو زارە کوردی‌یانە زۆر جیاوازە ، بەلام فۆلکلۆری رەسەنی کوردی بە زاری لوری رێگا لەم سەر ئەنجامە دەگرێت‌و ناهێلێ ئەم

---

(١٦) کاروانی شیعری نوێ کوردی ـ کاکەی فەلاح ل ٢٥ .

جیاوازی‌یە بەسەر زمانی نەتەوایەتی کوردیدا بســەپێنێ ، چونــکە ئــەو فۆلکلۆرە ئەم بەڵگەیە پێش‌کەش دەکات کە دەڵێ :

**بەد بەختی خۆمەو نەرەسیمەوە**
**چووی غەمیش دڕیا بە دەستمەوە (١٧)**

لەم دێرە فولکلوریەدا بە روونی دەردەکەوێ کە پاشگری (ئەوە) لە دەربڕینی (بەدەستمەوە) بەکارهاتووە •

هەروەها ئامرازی (ی)ی ئیزافەو (ی) پەیوەندی ناو بە ئاوەڵناوەوە لە زاری لوری ئەم رۆژانەدا فڕیدراونو بەکارناهێنرین • دیسانەوە ئەگەر پشت بەم دیاردەیە لە نووسینەوەی رێزمانی زاری لوری ببەستین بێگومان واتێدەگەین کە ئەم زارە لەم سووچە رێزمانی‌یەوە هیچ پەیوەندی‌یەکی بــە زمانی نەتەوایەتی کوردی‌یەوە نی‌یە ، بەڵام هۆنراوەی رەســەنی لــوری دووبارە ئەم تێگەیشتنە بەرپەرچ دەداتەوە •

نموونەمان لەم هۆنراوەیە ئەم دێرانەی خوارەوەیە ــ لە داستانەکەی[١٨]

هەستیاری دێرینی لوری بە ناوبانگ غلام رەزای ئەرکەوازی کە دەڵی :

**یا شای نەجەف ماڵ یاشای نەجەف ماڵ**
**یا سلطان تەخت یا شای نەجەف ماڵ**
**یا یدی قدرة بێ مسلو میسال**
**بێ مسلو میسال**
**رو سلمان (١٩) مەن یا علی هاوار**

---

(١٧) نەرەسیمەوە : تێنەگەیشتم . چوو : دار ، دڕیا : درا .
(١٨) روونووسی ئەم داستانە بە دەست خەتی عەلی حەسەنی ئەرکوازی لــە لامدایە کە لە مەلایەکی وەرگرتووە بەناوی (ئبرام خان) .
(١٩) رو : وەکو ، سلمان : سلمانی فارسی .

**يا لافتى سيف الا ذو الفقار**
**يا مشكل گوشاى (٢٠) آشكارو غايب**
**يا نادا على مظهر عجايب**
**يا على (عمران بن أبو طالب )**
**يا شيرى خوداى وه دوژمن غالب**
**يا دەر آرندەى دەمار ژە كوفار**
**يا لافتى سيف الا ذو الفقار**
**يا والى ژە ملك عەرەبو عەجەم**
**يا مولود أمجاد كعبەى معظم**

له دەربڕینی (شای نەجەف)و (یدی قدرة)و (شێری خودا)و (کعبەی معظم ) که لەو دێرانەدا هاتوون به ئاشکرایی دەردەکەوێ که دەستووری (ی)ی ئیزافەو (ی) ئاوەڵناو له زاری لوریدا پەیرەوی کراوەو ئەم پەیرەوی کردنەش ڕێگای پەیوەندی نەمری ئەم زاره به زمانی نەتەوایەتی کوردی دەسەلمێنێ •

سەرئەنجام ئەم بەلگانه هەموویان بەبێ مشتومر له ڕووی دەنـگ سازیو ووشەسازیو ڕستەسازی‌یەوه ــ هیچ گومانێك ناهێڵن لەوەی که بەتایبەتی ووتومانه : زمانی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژێ له ڕۆژان له قوناغێکی مێژوویماندا له دایكبووەو بووێـکی یەکـگرتووی هەبـوەو دەربڕینی وێژەییو ژیانیی گشت کوردەکان بووه •

**ڕێبازەکانی وەدەستهێنانی زمانی نەتەوایەتی کوردی :**

لێدوان له چارەنووسی زمانی نەتەوایەتی کوردی له مێژەوه بەرپـا بوەو به کتێبو لێکۆڵینەوەو ووتار خراوەته ڕوو و مشتومری توێژەرو وێژەرو ڕامیاری‌یه کوردەکان له عاستیدا به گوێرەی پێویست به جۆر بـه جۆریو به له یەکتر نەچوونی بەرز بۆتەوه :

---

(٢٠) گوشای : چارەسەرکەری تەنگو چەڵەمه .

هەندێك (٢١) لەم مشتومرکەرانە : زمانی کوردی بەیەك زمان نازانن و هیوای جیاکردنەوەیان هەیەو داوا دەکەن کە بە دوو زار کتێبی قوتابخانەکان بنوسرێتەوە • هەندێکی تریان لە کونجی بیرکردنەوەی ئەکادیمی یەوەو دوور لەباری ژیانی تایبەتی کورد بڕیاری ئەوە دەدەن کە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دروست ناکرێت و ئەم کارە لە شێوەیەکی بەرەڵلادا دەدەنە دەست کات و رۆژەوەو دەربەستی ئەوە نین کە ئەو کات و رۆژە وابکات کورد بە سێ چوار جۆر بنووسێ و بخوێنێ •

هەندێکی دی بیروڕایان وایە کە هەر دەبێ زمانی یەکگرتووی کوردی دروست بکرێ •

ئەوەی ئاگای لە تاقی کردنەوەی میللەتان لەم روەوە هەبێت و تەنانەت شارەزای یەکی سەرپێ یی دەربارەی زانستی زمانی وەدەست هێنابێ • بروانا کەین رای وانەبێت کە هەر دەبێ نەتەوەی کورد وەکو گشت نەتەوەکانی ئەم رووی زەمینە پێویستە زمانێکی یەکگرتوی هەبێت •

پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە ئەم زمانە یەکگرتووە لە کوێوە دەستی پێدەکرێت و ؟ چلۆن دەستی پێدەکرێت و ؟ رێبازمان بۆ بە دی هێنانی بناغەکانی چین ؟

دکتور عزالدین مصطفی رسول لەم کۆڕەدا بیروڕای وایە کە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بە تێکەڵ کردنی زارە کوردی یەکان ئەنجام دەدرێ ، رێبازیشی بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە بەوە روون دەکاتەوە کە دەڵێ :

---

(٢١) بڕوانە دیالیکتەکانی زمانی کوردی و گیروگرفت و چارسەرکردنیان نووسینی دکتور عزالدین مصطفی رسول — گۆڤاری پەروەردەو زانست — ژمارە (٦) سالی سێیەم پایزی ١٩٧٣ ل ٩٨ هەروەها بڕوانە کتێبی زمانی یەکگرتوی کوردی — د. جەمال نەبەز ل ١ — ١٣ .

« له کاتێکدا که ئەم رایە پەسند دەکەم مانای وایە کە لەگەڵ بیری تێکەڵکردندام‌و لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە ئەم کارە بە ئیشێکی ساکاری میکانیکی بزانین‌و ناوی بنێین موتوربە کردن » [٢٢] .

ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەم رایەی دکتۆر عزالدین هەڵبسەنگێنین پێویستە لە سەرەتادا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە زاراوەی تێکەڵ کردن بە رواڵەت ئەوە دەگەیەنێ کە ناوبراو دەیەوێ زارە کوردی‌یەکان تێکەڵ بەیەکتر بکات‌و لە هەموویان ئەو زمانە ئەدەبی‌یە کوردی‌یە دروستبکات هەر چەندە ویستویەتی ئەم تێگەیشتنە بە شێوازێکی بیردۆزەیی دوور بخاتەوەو بیسەلمێنێ کە نایەوێ تێکەڵ کردنەکەی میکانیکی بێت ، بەلام کە بناغەکانی رێبازەکەی دەخوێنینەوە هەر ئەو تێگەیشتنە بەسەرماندا دەسەپێ‌و بڕوامان پێدەهێنێ کە دکتۆر عزالدین رای وایە کە زمانی ئەدەبی کوردی بە تێکەڵ کردنێکی میکانیکی‌ی زارە کوردی‌یەکان لە دایك دەبێت .

بەڵگەشمان بۆ چەسپاندنی ئەم تێبینی‌یە دەرحەق بە رێبازەکەی دکتۆری ناوبراو بناغەی سێیەمی رێبازەکەیەتی کە دەڵێ : «لە پلەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەییدا قوتابی فێری هەموو ئەو جیاوازی‌یە گەورانە بکرێت کە لە نێوان دیالیکتەکاندا هەیەو داچەسپاندن‌و مانەوە یا بوون بە دوو رێگەی ئەم پەیڕەوی سینتاکسیس یا ئەو بدرێتە دەست رۆژگار کە خۆی شتی باش دادەچەسپێنێت . هەروەها قوتابی لەم پلانەدا لە شێوەی هاوتا (مرادف)دا فێری سەدان ووشەی تایبەتی دیالێکت‌و بەشە دیالیکتەکان بکرێت »[٢٣] .

لەم تێکستەدا دوو خاڵی سەرەکی بە روونی دەردەکەون :

---

(٢٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی یەکەمی پێشو ل ٩٨ .
(٢٣) دیالیکتەکانی زمانی کوردی‌و گیروگرفت‌و چارەسەرکردنیان د. عزالدین مستەفا رەسول ، ل ١٠٠ .

یەکەمیان : ئەوەیە نووسەری ناوبراو دەیەوێ دوێنەرە قوتابی‌یەکان فێری جیاوازی سینتاکس بکات و ئەو دەستورانە هەروەکو خۆیان چۆنن بچەسپێنرێن و پەیدابوونی شتی باشتر بە جۆرێکی بەرەڵا بەبێ رابەری پسپۆڕو زاناکان بدرێ بە دەست رۆژگارەوە •

بۆیە کە لە فەرمانی (مجهول) دەدوێ دەڵێ : «وەك دەزانین لە کرمانجی‌ی خواروودا ئەم چەشنە فرمانە بە یەك ووشە یان یەك فرمان دەگۆڕێت وەك : نووسرا ــ کوژرا ــ خورا ، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا فرمانی یاریدەدەر هەیە کە لە گەلێك زمانی تریشدا هەیەو ئەم فرمانانە ئەم شێوەیە دەگرن : هاتەتقیسین ــ هاتەکوشتن ــ هاتەخواردن ــ تێتەتقیسین ــ تێتەکوشتن ــ تێتەخواردن ئەمەش دیسانەوە شتێکی وا نی‌یە کە بە جارێك لە کرمانجی خواروودا نەبێت چونکە لەوێشدا لە ژماردن نایەت یا نایەتە ژماردن »(٢٤) •

ئەم قسەیە هەڵبەت تۆمار کردنێکی میکانیکی سینتاکس و دەستوری فەرمانی مەجهولە لەو دوو زارە کوردی‌یانەدا ئەگینا دەبوو نووسەری ناوبراو تێبینی ئەوەی بکردایە کە بوونی دوو دارشتنی جیاواز بۆ یەك مەبەستی سینتاکسی و دەستووری لەو دوو زارەدا دەبێ هەریەکێکیان بۆ مانایەکی تایبەتی لە بابەتی فەرمانی مەجهولدا سازکرابێ ، چونکە مانای نی‌یە نەتەوەی کورد دارشتنی (هاتەکوشتن)و دارشتنی (کوژرا) لە زمانی نەتەوایەتی خۆیدا هەردووکیان بۆ یەك واتاو یەك ئەرك بەکاربهێنێ ، بەڵکو هەریەکێك لەو دوو دارشتنە وەکو لەمەو دوا دەبینین ــ مەبەستێکی سەربەخۆی هەیە ، بەڵام رێبازی تێکەڵکردنی زارە کوردی‌یەکان بەبێ شی‌کردنەوەو بەبێ پشت بەستن بە زمانی نەتەوایەتی ناتوانێ ئەو مەبەستە

(٢٤) هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٩٢ ــ ٩٣ .

سەربەخۆیە دەست نیشان بکاتو بیخاتە روو •

دووەمیان : د• عزالدین ووشەی زارە کوردی‌یەکان کە لەم رۆژانەدا دەنگەکانیان جیاوازن دەیەوێ وەکو ووشەی ( هاو واتا ) بیانچەسپێنێو قوتابی‌یەکان بەم جۆرە فێری سەدان ووشەی جیاوازی زارە کوردی‌یەکانیان بکات •

واتە بۆ نموونە ووشەی (کاری) لوری (شوول)ی بادینانیو (ئیشی) سۆرانی هەرسێکیان بەبێ لێکدانەوەی جیاوازی واتاکانیان بە ووشەی هاو واتا لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمار بکرێن بەبێ ئەوەی ئاگامان لە زانستی زمان بێ کە بوونی ووشەی هاو واتا لە زماندا بەرپەرچ دەداتەوەو دەی‌سەلمێنێ کە هیچ نەتەوەیەك لە بناغەدا دوو ووشە بۆ یەك ماناو یەك مەبەست سازناکا ، بەڵکو بۆ هەر واتایەك ووشەیەك دادەنێتو ئەگەر هاتو بە رواڵەت دوو ووشە یان پتر بۆ یەك مانا لە هەر زمانێکدا هاتبن دەبێ جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەبێ •

هەر چۆنیك بێت د• عزالدین کە ئەم بیروڕایەی لە (یەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی) لە تەموزی ١٩٧٣ز لە شەقلاوەدا پێش‌کەش‌کرد ، ئەندامانی لیژنەی زمانی ئەم کۆڕە بەرەنگاری کێشەی زارە کوردی‌یەکان بوون هەندێکیان رایان وابوو کە دەبێ بۆ هەر پۆلێك دوو کتێبی رێزمانی دابنرێ : یەکێکیان بۆ ریزمانی زاری کرمانجی ژوورو و ئەوی دی بۆ رێزمانی کرمانجی خواروو •

سەرئەنجام ئەم رایە بە زۆری دەنگ پەسەند نەکراو و بڕیاری ئەوە درا کە بۆ هەر پۆلێك یەك کتێبی رێزمانی بە زاری کرمانجی خواروو دابنرێ، بەڵام بە مەرجێك لە پەراوێزی ئەو کتێبەدا دەستوری رێزمانی کرمانجی‌ی

ژووروویش تۆمار بکرێ •

ئەم بڕیارەش ئەگەر جێبەجێ بکرایە بێگومان بە چەشنێکی میکانیکیو دوور لە لێکۆڵینەوەی زانستیو سەرنجی نەتەوایەتیی ئەنجام دەدرا ، چونکە دەنگ دانەوەی دەرفەتێکی کاتی تایبەتی بوو •

د• جەمال نەبەز لە هەمان بابەتدا هەوڵێکی بنەڕەتیی فراوانی داوە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای وەدەستهێنانی زمانی ئەدەبیی کوردیو سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوین کە لەم ڕووەوە سێ ڕێگا دەست نیشان کراون :

یەکەم : سەپاندنی شێوەیەك بەسەر گەلێکدا •

دووەم : لە خۆوە دروستبوونی شێوەیەکی ئەدەبی •

سێیەم : هەوڵداتێکی ڕێکخراوی زانستانەی لەسەرخۆ بۆ هێنانە بەرهەمی زمانێکی ئەدەبی •

نووسەر لەم ڕێگایانە ڕێگای سێیەم پەسەند دەکاتو دەڵێ : « بە بیروڕای من ئەمەیان باشترینو تەنیا ڕێیەکە کە کورد بتوانێ پێیدا بڕوا لەم بارەیەوە واتا ئێمە دەبێ شێوەیەکی ئەدەبی بۆ خۆمان دروست بکەین ، بەڵام ئایا دروستکردنی ئەم شێوەیە لە کوێوە دەست پێبکاو کێ دەستی پێبکاو چۆن دەست پێبکرێ »(٢٥) •

ئەوەی ــ لەم دەقەدا ــ بەر لە هەمووشتێك سەرنجمان ڕادەکێشێ زاراوەی دروست کردنە ، ئێمە نازانین مەبەستی نووسەر لەم زاراوەیە چییە ؟! •

ئایا واتا فەرهەنگییەکەیەتی ؟!

---

(٢٥) بڕوانە زمانی یەکگرتوی کوردی ــ د. جمال نەبەز ل ١٢ .

به مانای ئەوەی نووسەر دەیەوێ دەست کردانە ئەو شێوە ئەدەبی‌یە لە رووی رێزمانو ووشەسازی‌یەوە دروست بکرێ یاخوود مەبەستێکی تری هەیــە ؟! •

ئەمە پرسیارێکە ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاشکراو روونە کە هیچ تاقمێك یان کەسێك ناتوانێ شێوەیەك دروست بکاتو بیکا بە هــۆی دەربڕیــنی میللەتێك ، چونکە هۆی دەربڕینی هەرمیللەتێك کە زمانە بەدرێژایی مێژووی پەیدابوونی ئەو میللەتە هەنگاو بە هەنگاو لە دایكبوەو لە هەموو لایەکەوە چەسپاوەو ڕەگوریشەی خۆی داکوتاوە •

دکتۆر جەمال نەبەز دوا بە دوای سێ پرسیارەکەی لە کۆتایی ئــەو دەقەدا تا رادەیەك ئەوە روون دەکاتەوە کە مەبەستی لە زاراوەی دروست کردن واتا فەرهەنگی یەکیەتی ، بەڵگەشمــان بۆ ئەم راستی‌یــە ئەوەیــە نووسەری ناوبراو وەڵامی پرسیاری (لە کۆی‌وە دەســت پێ‌بــکەین ؟ )و ( پرسیاری کێ بیکا ؟ ) دەداتــەوە کە کوردستانی عراق جێی دەســت پێکردنی ئەو کارەیەو داموودەزگاکانی کوردی لە عیراقدا • هەرچۆنێــك بێت پرسیاری گرنگ بەلای ئێمەوە پرسیاری سێ‌یەمە کە پرسیوی‌یــەتی : چۆن دەست پێ‌بکری ؟ : واتە لەسەر چ رێبازێك شێوەیەکی ئەدەبی بــۆ خۆمان دروست بکەین ؟ •

دکتور جەمال نەبەز ! لەم روەوە لە هەندێ دیــاردەی فۆنەتیــکی‌و رێزمانی زاری کــوردی ژووروو زاری کوردی ناوەنــد دەکۆڵێتــەوەو رێبــازێکی زانستی دەگرێتەبەر • جــا بۆ ئــەوەی لەم کارە داهێــنراوە بگەین‌و سەرنج لە ئاکامە گرنگەکانی بدەین با بزانین دکتور جەمال نەبەز • بۆ نموونە چۆن لەبابەتی جێناوی ئەو دوو زارە کوردی‌یانە دواوە :

ناوبراو لەم بابەتەدا جێ‌ناوە کەس‌یەکان بەو دوو زارە دەهێنێتــەوەو

چۆنیەتی بەکارهێنانیان شی دەکاتەوەو بەراوردکاری جێناوەکانی کوردی ناوەند لەگەڵ جێناوەکانی زمانی فارسی دەکات •

ئەم نموونەیە بەبێ مشتومڕ هەڵسەنگاندنەکەمان دەربارەی ڕێبازەکەی دکتور جەماڵ نەبەز دەسەلمێنێ‌و دووپاتی دەکاتەوە کە لەبەر تیشکی بەراوردکاری زارە کوردی‌یەکان دەتوانین پەیوەندی نەمری نێوانیان بخەینە روو و دیاردەی ڕێزمانی هاوبەشیان بچەسپێنین •

ئەوەی لەم سووچەوە جێگای دڵخۆشیمانە ئێمە لەم باسەدا لەگەڵ دکتور جەمال نەبەز یەك دەگرینەوە کە بەر لە ئێمە لە شی‌کردنەوەی بابەتێکی ڕێزمانی زارە کوردی‌یەکاندا ووتویەتی :

« رۆژێ لە رۆژان لە کرمانجی‌ی ئێوەراستدا هەبوون »[٢٦]

واتە ئەو جێناوە هاوبەشانە بەکار هێنراون •

ئەمە راستی‌یەکە پێویستە لێرەدا بیچەسپێنین‌و بیرورا تایبەتی‌یەکەمان دەربارەی بوونی هاوبەشی زارە کوردی‌یەکان دووپات بکەینەوەو بڵێین ئەم هاوبەشی‌یە لەوەوە هاتووە رۆژێ لە رۆژان میللەتی کورد زمانێکی نەتەوایەتی هەبووەو ئەندامانی ئەم میللەتە بەر لەوەی لەیەکتر بپچڕێن‌و هەر تاقمێکیان زارێکی ناوچەیی یان خێلایەتی بۆ خۆی سازبکات هەموو ئەندامانی ئەم میللەتەو ئەو زمانە نەتەوایەتی‌یەیان تاقە هۆی دەربڕینیان بوە•

ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە دکتور جەمال نەبەز تا رادەیەکی زۆر سوود لە ڕێبازە زانستی‌یەکەی وەرناگرێ‌و تا ئامانجی کۆتایی کارەکەی درێژە بە لێکۆڵینەوەکەی نادات ! بۆ بەڵگە دکتور جەمال نەبەز کە لەجێناوە کەسی‌یەکانی زاری کرمانجی ژوروو و زاری کرمانجی ناوەندی

---

(٢٦) هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٢٥ .

کۆلیوەتەوەو جیاوازی‌یەکانی نێوانیانی خستۆتە روو و ئەمجا هاوبەشی لە مەعبێنیاندا چەسپاندووەو بڕیاری ئەوەی نەداوە کە ئیتر لەمەودوا چۆن جێناوی کەسی لە شێوەی یەکگرتوی کوردی سازبکرێ‌و بەکاربهێنرێ ، بۆ ئەوەی ئیتر وێژەران‌و زانایانی کورد لەبەرهەم داهێنانی نووسینەوەدا جێ‌ناوی کەسی زاری‌ی فەرامۆش بکەن‌و لەبەر تیشکی یەك رێزمان‌و دەستوری زمانی جێناوە کەسی‌یە یەکگرتووی نەتەوایەتیەکان بەکاربهێنن • بەڵێ دکتور جەمال نەبەز ئەم ئاکامە سەرەکی‌یەی ئەنجام نەداوە ، هەروەها لە هەندێ بابەتی رێزمانیدا دەستووری زارێك لە دوو زارە هەڵبژێراوەکانی فەرامۆش دەکات وەکو : (ئامرازی کردنەگەل) • ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەموو دیاردەیەکی رێزمانی ئەگەر هات‌و کوردی‌ی رەسەن بوو نابێ دەستی لێ‌بەربدەین‌و فەرامۆشی بکەین ، چونکە دەشێ یارمەتی‌مان لە یەکخستنەوەی زارە کوردی‌یەکان بدات‌و بە هۆیەوە بتوانین دیاردەیەکی دێرینی زمانی نەتەوایەتی کوردی ببوژێنینەوە •

ئەم هەڵوێستەی دکتۆر جەمال نەبەز رەنگە زیاتر زیان‌و بێ‌سوودی‌یەکەیمان بۆ ساغ‌ببێتەوە ئەگەر هات‌و دووبارە سەرنجمان بۆ ئەوە راکێشا کە زارەکانی کوردی خوارووی فەرامۆش کردووە بەتایبەتی زاری لوڕی کە ئەمەش بێگومان کەموکوڕی‌یەکی رێبازی‌و بابەتی دەرحەق بە کارەکەی دەخاتە روو •

**بناغە سەرەکی‌یەکانی رێبازی پەسەندکراو :**

لەبەر تیشکی زانستی زماندا کە چەمەگی زمان‌و ئاخاوتن‌و زارو تایبەتی‌یەکانی هەر یەکێك لەم دیاردانە رچاوکراون‌و لەیەکتر جیاکراونەتەوە، پێویستە لەباری ئێستای زمانی کوردی بکۆڵینەوەو هەمیشە چارەنووسی ئامانجمان بێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات بتوانین یەکێتی هۆی دەربڕینی جەماوەرانی نەتەوەکەمان بهێنینەدی • ئەم کارە زانستی‌یە هەر وەکو هەمیشە

دووپاتمان کردۆتەوە پێویستی بە ڕێبازێك هەیە کە لەگەڵ باری زمانو ئاخاوتنو زارەکانماندا بگونجێ : ڕێبازی پەسەند کراویشن ــ بەلای ئێمەوە ــ لەسەر ئەم بناغە سەرەکی‌یانەی خوارەوە دامەزراوە :

**یەکەم :**

ئەم ڕێبازە هەوڵدەدا کە زمانی نەتەوایەتی کوردی ببوژێنێتەوەو رابوردوی دێرینی سەرلەنوێ کارامانە بهێنێتەوە بزوتنەوەو هاوچەرخیو رۆیشتن لەگەڵ داهاتویدا بەرپای‌بکا ۰

کەوابوو ئەم بناغەیە پشت دەکاتە بناغەی موتوربەکردنی زارێکی کوردی بە کۆمەڵە ووشەو چەند دەستوورێك لە زارەکانی تری زمانەکەمان، چونکە موتوربەکردن وەکو پینەدۆزێ وایە کە بەچەشنێکی نارەسەن ووشەو دەربڕین تێکەڵ بەیەکتر دەکات ، ئەم تێکەڵ کردن بە یەکترەش ــ هەروەکو تاقی‌کردنەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوای دانانی کتێبی قوتابخانەکانمان ساغیان کردۆتەوە ــ ئاکامێکی رووکەشی‌یە ئەگەر هاتو تا ماوەیەك ووشەو دەربڕینە تێکەڵ بەیەکتر کراوەکان خۆیان گرت پاش ماوەیەکی کەم لەیەکتر دەترازێنو هەڵدەوەشێنەوە ۰

هەروەها بناغەی دروست‌کردنی شێوەیەکی ئەدەبی فەرامۆش دەکات ، چونکە دروست کردنی شێوە لە زانستی زماندا بە کارێکی ئاکادیمی لە قەڵەم نادرێو رەنگە لە دۆخێکدا پەنا ببرێتە بەری کە ڕەگوریشەی زمانی نەتەوایەتی نەبێت یاخود فەوتابێتو بە مەبەستی بەکارهێنانی تاقمێك لە لە پسپۆرو زانا دروست بکرێ ۰

ئەمەش هەڵبەت دۆخی نەتەوەی کورد نی‌یە ، چونکە گومان لەوەدا نی‌یە کە رەگوریشەی زمانی کوردی لە زەمینەی هەموو لایەنەکانی ژیانی میللەتەکەماندا بە زیندوویی ماوەتەوەو هەستو نەستی نەتەوایەتیمانی تێدا هێشتا هەر قوڵپ دەدات ۰

دووەم :

ئەم ڕێبازە باوەش بۆ هەموو زارە کوردی‌یەکان دەکاتەوەو دەیانخاتە بەر لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەو بەراودکاری • سەرئەنجام ئەم بناغەیە ئەو زارانە بە هیچ جۆرێك بەسەر زاری سەرەکی‌و لاتەنیشتدا دابەش ناکات بگرە هەموو لایەنێکی فۆنەتیکی‌و فەرهەنگی‌و ووشەسازی‌و ڕستەسازی‌و دارشتنی گشتی لەو زارانەدا بە یەك پێوانە هەڵدەسەنگێنێ •

لە پێناوی بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کە سەرچاوەی ئەو زارانەیە کەڵکیان لێ وەردەگرێ • بەم جۆرە هیچ زارێك لەو زارانە بە زاری سەرەکی دانانێت‌و زارەکانی دی بە ئاکامێکی پلەی دووەم تەماشا ناکات •

سێیەم :

لە بوژاندنەوەی دەنگەکانی زمانی نەتەوایەتی ڕێبازە پەسەند کراوەکەمان لەبەر تیشکی لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی زارە کوردی‌یەکان بە گوێرەی سازگاکانیان : واتە (مخارج الاصوات) کارەکەی ئەنجام دەدات ! بە واتای ئەوەی ئەم بناغەیە دەنگە زاری‌یەکان وەکو (ئەلفوبێ) باس ناکات ، بەڵکو پلە بە پلە سازگاکانی دەنگە کوردی‌یەکان دەست نیشان دەکات‌و کۆمەڵ کۆمەڵ دەنگی زارەکان بەسەر ئەو پلانەدا دابەش دەکات‌و بەراوردکاری لەنێوانیاندا بەرپادەکات‌و ڕەسەنی‌و نارەسەنی‌یان دەخاتە ڕوو ، ئەمجا بڕیاری هەڵبژاردنی دەنگی ڕەسەنی زمانی نەتەوایەتی دەدات ئەگەر هات‌و لە دەنگە هاوبەشەکاندا جیاوازی‌و لادان هەبوو •

چوارەم :

لە بابەتی ووشەی فەرهەنگی زمانی نەتەوایەتیدا بناغەی ئەم ڕێبازە لەسەر بنەواشەیەك دامەزراوە کە دەڵێ : هەر ووشەیەك لە ووشەکانی زمانی

نەتەوایەتی کوردی بۆ تاقە واتایەك دانراوەو لە پێناوی دەربڕین لە شتێك سازکراوە ، کەوابوو دیاردەی هاوبەشی کۆمەڵە ووشەیەك لە گەیاندنی یەك واتا یاخود تاقە شتێك رووداوێکی رەسەن نییە ، بۆیە دەبێ ئەو کۆمەڵــە ووشانە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریو هێڵی وردی جیاکەرەوەیان بچەسپێنرێو واتای تایبەتی هەریەکێکیان دەست نیشان بکرێ •

**پێنجــەم :**

ئەم رێبازە سازکردنی زاراوەی کوردی پەتی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی نەتەوەی کورد لەبەر تیشکی یەکێك لە رێــگاکانی لە دایــك بوونی ووشەی کوردیدا ئەنجام دەداتو بناغەکەی لەم کۆڕەدا دەست نیشانکردنی ئەو رێگایانەیە کە لێکدانو[27] داتاشینو خوازەو قیاسو وەرگرتنن • ئەم بناغەیە هەڵبەت زمانی نەتەوایەتیمــان لە دیــاردەی ووشــەی بیــانیو دروستکردنی زاراوەی نابەجێ رزگار دەکاتو سنووری پەرەســەندنو خەملاندنی دەچەسپێنێو دەیکا بە زمانی هاوچــەرخی رەســەن کە لەگەڵ چەشەو چێژی میللەتەکەماندا بگونجێ •

**شەشەم :**

لە رووی رێزمانی زمانی نەتەوایەتییەوە رێبازی پەسەندکراو هەموو دستورێکی زارە کوردیەکان ئەگەر هاتو رەنگدانــەوەی کارتێــکردنی زمانێکی بێگانە نەبوو بەوە دای دەنێ کە رۆژێ لە رۆژان بنەواشەیەك بووە لە رێزمانی نەتەوایەتیداو بە هۆی لەیەکتر پچــڕاوی قەوارەی ئەم زمــانە رێگای گۆشەگیریی گرتۆتە بەرو و بووە بە رێزمانێکی زارییو ناوچەییو خێڵایەتی • بۆیە ئەم بناغەیە هەموو دەســتوورەکانی زارە کوردییــەکان کۆدەکاتەوەو لێیان دەکۆڵێتەوەو چۆنیەتیو شــوێنی بەکارهێنــانی هــەر

(٢٧) بڕوانە کتێبی زاراوەی کوردی : د. کامل بەصیر ــ چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٧٨ ز .

یەکێکیان لە بوونی زمانی نەتەوایەتیدا بەوردی دەست نیشان دەکات‌و دەیکا بە بنەواشەیەکی دەستووری ڕێزمانی ئەم زمانە •

ئەم ڕێبازە پەسەند کراوە بە هەر شەش بناغەکەیەوە لە کۆڕی زمانەوانی کوردیدا چەشنە بیردۆزەیەك دەچەسپێنێ کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی زاناو پسپۆڕو تیووژەرانی کورد هەیە ، جا بۆ ئەوەی لە جوغزی بیردۆزەی نەمێنێتەوەو هەنگاو بەرەو کۆڕی بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەڵبگرێ پێشنیاز دەکەین کە داموو دەزگای کوردی لە کۆڕی زانیاری عراقدا کەڵك لە بەندی دووەمی یاسای ژمارە (١٦٣)ی ساڵی ١٩٧٨ی زایینیی دامەزراندنی ئەم کۆڕە وەربگرێت کە لە ڕستەی ( د ) لە بەندی دووەمیدا دووپاتی پێویستی پاراستنی ساغ‌و سلامەتی زمانی کوردی دەکاتەوە بە ئیش‌کردن لە پێناوی پەرەسەندن‌و خەملاندنیدا بۆ ئەوەی بێت بە دەنگ پێویستی‌یەکانی ژیانەوە پلانیش بۆ ئەم کەڵك وەرگرتنە بەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێ :

**یەکەم :**

پێك‌هێنانی لیژنەیەکی فراوان لە نوێنەرانی هەموو زارە کوردی‌یەکان بۆ دانانی فەرهەنگی زمانی نەتەوایەتی کوردیی بە مەرجێك ئەم لیژنەیە لە پسپۆڕو زانا پێك‌هاتبێت‌و لەبەر تیشکی ئەم ڕێبازە پەسەندکراوە کارەکەی ئەنجام بدات •

**دووەم :**

دەست نیشان کردنی ماوەیەك بۆ کۆمەڵێك لە زاناو پسپۆرەکانی فۆنەتیکی زمان بۆ لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانی کوردی‌و هەڵسەنگاندنی هەموو چەشنەکانی ڕێنووسی کوردی ئەمجا گێڕانی سمینارێك بە مەبەستی یەکالا کردنەوەی هەموو بیروڕایەك لەم کۆڕەداو وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی

له ساغ کردنەوەی دەنگەکانی زمانی نەتەوایەتی‌و چۆنیەتی نووسینەوەیان بە ڕێنووسێکی یەکگرتوو ، بە مەرجێك هەموو لایەنێکی کوردی کەسی‌و میری‌و جەماوەری پەیڕەوی ئەم ڕێنووسە بکات •

**سێیەم :**

پێكهێنانی لیژنەی پسپۆر بە ژمارەی بابەتەکانی زانست‌و زانیاری‌و وێژەو رامیاری‌و ئابوری‌و لایەنەکانی دی‌ی ژیان بۆ لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی زاراوەی کوردی‌ی دانراو و پێشنیاز کردنی ئەو زاراوانە کە هێشتا دانەنراون ، ئەمجا کۆبونەوەی ئەم لیژنانە لە سیمیناردا دوای ساڵێك لە پێکهێنانیان بۆ چەسپاندنی زاراوەی پەسەندکراو لەبەر تیشکی ڕێبازەکانی لەدایك‌بوونی ووشەی کوردیداو پێکهێنانی فەرهەنگێکی گشتی زاراوەی کوردی‌ی نەتەوایەتی کە سەرچاوەی هەموو لایەك بێت لە چالاکی بیری‌و زانستی ژیان •

**چوارەم :**

گرتنی کۆنگرەیەك بۆ ساغ کردنەوەی ڕێزمانی یەکگرتوی زمانی نەتەوایەتی‌ی کوردی ، پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر پێکهێنانی چەند لیژنەیێکی پسپۆر لە شارەزاکانی هەموو زارە کوردی‌یەکان بۆ لێکۆڵینەوەی دەستورەکانی ئەم زارانە لەبەر تیشکی بناغەی ئەم ڕێبازە پەسەندکراوە ، ئەمجا وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی لەو کۆنگرەیەداو ڕێکەوتن لەسەر ئەم ڕێزمانە یەکگرتوە •

جێبەجێ‌کردنی ئەم پلانە هەڵبەت کارێکی پێویستە • جا هەتاکو ئەم کارە ئەنجام دەدرێ ئێمە بە گوێرەی ئەم ڕێبازە پەسەندکراوە بە چەند نموونەیەکی پەیرەوی‌کراو بناغەکانی روون دەکەینەوەو دەیانخەینە بەر دەستی زاناو پسپۆرە کوردەکان بۆ تەواوکردنی کەموو کوڕی‌یەکانیان‌و بیروڕا دەرخستن لە عاستیاندا •

**چەند نموونەیەکی پەیرەوی‌کراو لەسەر بناغەکانی رێبازی پەسەندکراو :**

نرخی راستەقینەی هەموو بانگەوازو پرۆژەیەك هەڵبـەت لە رادەی توانای جێ‌بەجێ‌کردن‌و هێنـانەدی ئامانجەکانیـەتی ، ئێمـەش کە لـەم لێکۆڵینەوەیەدا رێبازیکمـان بۆ بووژاندنـەوەی زمـانی نەتەوایـەتمان پەسەندکردوە دەبێ لە کۆڕی پەیڕەوی کردن‌و تطبیقدا بەڵگە گەلێك لەسەر بنـاغەکانی ئەم رێبازە بهێنینەوەو لە جوغزی باسی بیردۆزەیی دەربـازی بکەین‌و نموونەی هەست پێکراو لە پێناوی کەڵك‌و سوودیدا بدەین بـە دەستەوە •

سەبارەت بەم راستی‌یە لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە دەمێکە خەریکی کۆکردنەوەو شی‌کردنەوەی ئەو بەڵگانەین ، بەڵام لەبەر زۆری‌و فراوانی‌یان وامان بەباش زانی چەند نموونەیەکیان هەڵبژێرین‌و بە گوێرەی لایەنەکانی زمان واتە دەنگ‌سازی‌و ووشەسازی‌و رستەسازی یەکالایان بکەینـەوەو بەرەو رەسەنی زمانی نەتەوایەتیمان راقەو رووگەیان بکەین •

**زمانی نەتەوایەتیمان لە کۆڕی دەنگ‌سازیدا :**

زۆربەی زمانەوانـە کوردەکان کە لە دەنـگەکانی زمـانی کوردی دەکۆڵنەوە پەنا دەبەنە بەر یاسای (ئەلف‌وبێ) و پیتەکان دەچەسپێنن‌و ئەمجـا لێیان دەکۆڵنەوە •

ئەم کارە بەلای ئێمەوە بە هیچ جۆرێك پێ‌ی‌ناکرێ بە قووڵی ئـەو دەنگانەشی بکاتەوەو بەراوردێکی زانستی لە زارەکانیاندا بەرپـا بکات‌و سروشتیان بخاتە روو ، ئەمجا دەستوورو بنەواشەی ئاڵوگۆڕو گۆڕینیـان بچەسپێنێ •

بۆیە ئێمە بیروڕامان وایە لە کۆڕی دەنگ سازیدا رێبازی باس‌کردنی دەنگەکانی زارە کوردی‌یەکان لەبەر تیشکی سازگای دروست کردنیـاندا

ڕێکبخرێن‌و باس بکرێن بەتایبەتی ئەگەر هات‌و ئامانج لەم ڕێکخستن‌و باسکردنە بووژاندنەوەی دەنگەکانی زمانی نەتەوایەتی بوو •

**دەنگە کپەکان :**

دەنگە کپەکانی گشت زارەکوردی‌یەکان دەتوانرێ بەسەر (دە) سازگەدا دابەش بکرێن کە ئەمانەی خوارەوەن :

**یەکەم :**

دەنگەکانی سازگەی هەردوو لێو :
کە ئەمانەن ( و ، ب ، پ ، م )

ئەگەر سەرنجێك لە کۆمەڵە ووشەیەکی زاری کوردی ناوەندو زاری کوردی خواروو بدەین تێبینی دەکەین کە ئەو دەنگانە لەم ووشانەدا زۆر جار ئاڵوگۆڕ دەکرێن‌و دەگۆڕێن‌و دەستکاری دەکرێن‌و هەندێ جاریش پەنا دەبرێتە بەر فەرهەنگی بێگانەو فڕێ دەدرێن‌و لە جیاتی ووشە ڕەسەنەکانیان ووشەیەکی بێگانە وەردەگیرێ •

جا بۆ ئەوەی لەم ڕاستی‌یانە بگەین‌و دەنگی ڕەسەنی نەتەوایەتی ساغ‌بکەینەوە با لەم ووشانە بکۆڵینەوە :

**دەنگی ( و )**

| کوردی ناوەند | کوردی خواروو |
|---|---|
| وورد | هورد |
| ووشك | هشك |
| ووڵات | ووڵات |
| حەوت | هەفت |
| چاو | چەو ، چەم |
| وورچ | خرس |
| خەوت | خەفت |

ئەگەر لەم لیستەیە وردببینەوەو بەراوردی دەنگی (و) لە ووشەکانیدا بکەین بۆمان ساغ دەبێتەوە کە دەنگی (و) لە سەرەتایی هەندێ ووشەی زاری کوردی ناوەندیدا لە زاری کوردی خوارووودا دەگۆڕێ بە ( ھ ) وورد : هورد •

ئەوەی ئاشکرایە دەنگی ( و ) لە سازگەی یەکەمەوە دێتە دەرەوەو دەنگی (ھ) لە سازگەی دەهەم بنی قورگ ساز دەکرێ • ئەم راستییە پرسیارێك دەهێنێتەکایەوە کە دەپرسێ : ئایا ئەمە گۆڕینە یان فڕێدانە ؟ •

ئێمە لەو بڕوایەداین کە فڕێدانە ، بەڵگەشمان ئەوەیە : سازگەی ( و ) لە سازگەی ( ھ )وە زۆر دوورە ، چونکە لە نێوانیاندا هەشت سازگە هەیەو ناشێ دەنگی ئەو هەموو سازگانە ببڕێتو جێگای دەنگی ( و )و بگرێت • جگە لەمە ئەگەر سەرنج لە چاوگی ووشەی (وورد) لە زاری کوردی ناوەند بدەین کە (هاڕین)ە دەبینین : دەنگی ( ھ )ی تێدایە ، بۆیە ووشەی (وورد) لە بناغەدا بەهەمان زار (هورد) بوە • هەروەها بەم پێیە ووشەی وشك لە بناغەدا (هشك)ە چونکە دەنگی (و) لە ووشەی (مریشك) لە زاری کوردی ناوەند کە ووشەیەکی داتاشراوە لە (مر)و (شك) بەرگوێ ناکەوێ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (شك) لە ووشەی (مریشك) لە بناغەدا (هشك) بووەو دەنگی ( ھ )یەکەی فڕێ دراوەو لە جیاتیدا بزوێنی (ی) دانراوە •

ووشەی (وورچ)یش لە بناغەدا (هرچ)ە بە بەڵگەی ئەوەی دەنگی ( و )ی ئەم ووشەیە لە کوردی ژووروودا ( ھ )یە •

سەرئەنجام ئێمە لەو باوەڕەداین کە کۆمەڵێك لە ووشەکانی زاری کوردی ناوەند کە سەرەتاکەیان دەنگی ( و )ە لە فۆنەتیکی زمانی نەتەوایەتیماندا ( ھ ) بووەو ووشەی (خرس) کە لە فەرهەنگی کوردی خوارووودا چەسپاوە ووشەیەکی فارسییە •

لەو ووشانەی زاری کوردی ناوەند کە دەنگی ( و ) وەکەیان لە سەرەتاوە نەهاتووە وەکو ووشەی (حەوت)و ووشەی (خەوت) ئەم ( و )اوە لە زاری کوردی خوارووەدا کراون بە ( ف ) •

جا لەبەر ئەوەی هیچ هۆیەکی دەنگسازی بۆ ئەم ئالوگۆڕە بە چەشنێکی زانستی دەست نیشان ناکرێ •

ئێمە ڕامان وایە کە ووشەی (هەفت)و (خەفت) لە زاری لووریدا فارسینو کوردی رەسەن نین • بەڵگەشمان بۆ ئەم بڕیارە سەرەڕای نەبوونی هۆیەکی دەنگسازی فەرهەنگی ئەم زمانە بێگانەیەیە •

ئەم سەر ئەنجامانە بێگومان نابێ ئەوە بگەیەنێ کە دەنگی (و) لەم دوو زارە کوردیەدا هەمیشە دەگۆڕێ یان ئالوگۆڕ دەکرێ ، چونکە ووشەی رەسەن بە فەرهەنگی ئەم دوو زارە هەیە کە دەنگی (و) وەکانیان جێگربوونو دەستکاری نەکراوە • وەکو ووشەی (وولات)و ووشەی ( ووڕ ) •

**دەنگی ( ب ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| بارین | وارین |
| بست | وژە |
| بەرامبەر | وەراوەر |
| بەراز | وەراز |
| بە | وە |
| باڕۆکە | وارگ |
| با | وا ، باگ |
| دڵبەر | دلوەر |
| زەبر | زوور |

لەم لیستەیەدا هەروەکو دیارە دەنگی (ب) لە ووشـەکانی کـوردی ناوەندی‌دا چ لە سەرەتـاوە هاتبێ چ لە ناوەراستدا لە ووشەکانی کوردی خوارووودا دەگۆڕێن بە دەنگی (و) • ئەم گۆڕینەش دیاردەیەکی سروشتی‌یە، چونکە دەنگی (ب)و دەنگی (و) لەیەك سازگەوە دێنە دەرەوەو شـوێنی دروستکردنیان لەیەکەوە نزیکە •

بەلاّم ئەم گۆڕینە تا چ رادەیەك پەیوەندی بە رەسـەنی فەرهەنـگی نەتەوایەتی ئەم ووشانەوە هەیە ؟ یاخوود بابڵێن لە ووشەکانی ئەم لیستەیە کامیان ووشەی نەتەوایەتی‌یە ؟ •

بۆ نموونە ووشەی (باران) یان (واران) ؟ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە بە بەڵگەی زانستی کارێکی ئاسان نی‌یە هەرچەندە ئێمە لەو باوەڕەداین کە گۆڕینی دەنگی (ب) بە دەنگی (و) لە زارەکانی کوردی خوارووودا لەبـەر سووکی دەنگی (و)ە ، چونکە دەنگی (ب) پێویستی بە هێزێك هەیـە لـە هێنانەوەی هەر دوو لێو لە کاتی سازکردنی‌دا •

ئەم راستی‌یەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆڕینەکە دیاردەیەکی ئاخاوتنی‌یەو سەرەنجامی باری زمانی نەتەوایەتی نی‌یە •

جا لەبەر تیشکی ئەم باوەڕەدا ئێمە بڕیاری ئەوە دەدەین کە ووشەکانی کوردی ناوەندی واژەی کوردی نەتەوایەتـی‌نو گوڕینەکانیـان لە کوردی خوارووودا بەرهەمی ئاخاوتن‌و قسەی رۆژانەن •

**دەنگی ( پ ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| پێ | پـا |
| پاچە | پاچە |
| پاسەوان | پەسوان |
| پـار | پـار |

لەم لیستەیەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە کە دەنگی (پ) لەهەر دوو زاردا ناگۆڕێ ، هۆی نەگۆڕینو چەسپاندنی ئەم دەنگە بەلای ئێمەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هــەر دوو لێو لە ســازکردنیدا بــە توونــدی بەیەکەوە دەنووسێنو جێگای دروستکردنەکەی شلۆق نی‌یە •

دەنگی ( م ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| سمێڵ | سێوڵ |
| زمان | زوان |
| مل | مل |
| مەرگ | مەرگ |
| مەکە | نەکە |

لە ووشەکانی ئەم لیستەدا چەند راستی‌یەکمان بۆ ساغ دەبێتەوە :

یەکەمیان : ئەوەیە ووشەی (سمێڵ) کە لە کوردی خوارووا کراوە بە (سێوڵ) دەنگی (م) گۆڕاوە بە دەنگی (و)و بزوێنی (ێ) پێشخراوە •

ئەم دەستکاری‌یە بەلای ئێمەوە لەبەر سووکی‌یە چونکە دەنگی (و) لە چاو دەنگی (م) سووك ترەو هاتنی بزوێنی (ێ) دوابەدوای دەنگی (س)ی کۆنسینەنت لە قورسی ووشەکە کەم دەکاتەوە ، سەرئەنجام ئێمە رامــان وایە کە ووشەی (سمێڵ) دەبێ ووشەیەکی نەتــەوایەتی بێــتو ووشــەی (سێوڵ) ووشەیەکی زاری ئاخاوتنە •

راستی دووەم : ئــەوە دەگەیــەنێ کە لــە ووشــەی (زوان)دا (م) نەگۆڕاوە بە (و) ئەم ووشەیە لە ووشەی (زبان)ی فارسی‌یەوە وەرگیراوەو پاش گۆڕینی دەنگی (ب) بوە بە ووشــەیەکی زاری کوردی خــواروو •

هەرووەها لە ئامرازی (مە) بەلای ئێمەوە (م) نەگۆڕاوە بە (ن) چونکە سازگەی (م)و (ن) جیاوازن • بۆیە ئێمە رامان وایە کە ئامرازی (نە) لە کوردی خوارووودا فارسی‌یە وە هیچ پەیوەندیەکی بە زمانی نەتەوایەتی کوردی‌یەوە نی‌یە •

راستی سێیەم : ئەم شی‌کردنەوەیە بڕیاری ئەوە دەدا کە دەنگی (م) لە هەر دوو زاردا نابێ بگۆڕێ ئەم بڕیارەش جگە لەو بەلگانە سەرئەنجامی بەهێزی سازگەکەیەتی •

**دووەم :**

**سازگەی لێو دانەکانی سەرەوە •**

لەم سازگەیەوە دوو دەنگ ساز دەکرێن کە دەنگی (ف ، ڤ)ین •

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارووو |
|---|---|
| ماف | مز |
| فانووس | فانووس |
| فڕی | فڕی |

لەم لیستەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەنگی (ف) لە هەر دوو زاردا رەسەنەو جێ‌گۆڕکێ ناکرێ ، بەلام ووشەی (مز) کە لە کوردی خوارووودا بەواتای حەقی مادی‌ی دێت‌و بۆ مانایەکی دەست نیشان‌کراو چەسپێنراوە ووشەیەکی نەتەوایەتی‌یە بەم مانەیەو دەنگی (ز) جێگای دەنگی (ف)ی نەگرتووە ، چونکە سازگای ( ز )و سازگەی ( ف ) لە یەکەوە دوورن‌و هیچ ووشەیەکی‌تر لە کوردی خوارووودا بەرگوێ ناکەوێت کە دەنگی (ز)ی‌کەی گۆڕینی دەنگی (ف)ی ووشەیەکی کوردی ناوەندی بێت •

دەنگی ( ڤ ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارو |
| --- | --- |
| گیڤە گیڤ | گیڤە گیف |
| گڤەی با | گڤەی باگ |
| حەڤــە | هەڤدە |

دەنگی (ڤ) لە زاری کوردی خــواروودا بە دەگمــەن بەرگــوێ دەکەوێو لە چەند ووشەیەکدا هاتووە کە لە سەرەوە تۆمار کراون • ئــەم ووشانەش هەڵبەت ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم دەنگە لە هەر دوو زاردا رەسەنەو ناگۆڕێ •

سێیەم : سازگەی پووك

لەم سازگەیەدا دەنگی (ث ، ذ) بە چەشــنێکی گشتی ســازدەکرین ، بەڵام وەکو دوو دەنگی رەسەن لە زاری کوردی خــواروودا بــەرگوێ ناکەون ، هەرچەندە هەندێ زمانەوانی کوردی بیروڕایان وایە کە دەنگی ( ث ) دەنگێکی کوردی نەتەوایەتی‌یە •

چوارەم : سازگەی سەری زمان

کە دەنگەکانی (ص ، س ، ز )ن •

دەنگی ( ص ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارو |
| --- | --- |
| صەد | سەد |
| صەگ | سەگ |

لەم نموونانەو هەموو نموونە هاوبێژەکانیان دەردەکەوێ کە دەنــگی ( ص ) لە کوردی خوارووا نی‌یەو هەرچی ووشەیەك کە دەنگی (ص)ی تێدابێت لە زارەکانی دی زمانی کوردی لەم زارەدا دەگۆڕێ بە دەنــگی (س) •

**دەنگی ( س ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارووا |
|---|---|
| سك | زگ |
| مست | مشت |
| مس | مس |
| ماسی | ماسی |

لەم لیستەیەدا دەردەکەوێ کە هەندێ جار دەنگی (س) لە سەرەتای ووشەدا دەگۆڕێ بە دەنگی ( ز ) ، هۆی ئەم گۆڕینەش هەڵبەت سروشتی‌یە، چونکە سازگەی ئەم دوو دەنگە یەکە ، بەڵام گۆڕینی دەنگی (س) بە دەنگی (ش) لە ناوەراستی ووشە یاخود لە کۆتاییدا دیاردەیەکی دەنگسازی کوردی رەسەن نی‌یە ، چونکە ئەو ووشانە لە کوردی خوارووا وەکو ووشــەی (مشت) فارسین • بەڵگەش بۆ چەسپاندنی ئەم بیروڕایە جگە لە فەرهەنــگی زمانی فارسی لەوەوە خۆی دەسەپێنێ کە دەیان ووشە بەزاری کــوردی خوارووا هەن دەنگی (س) تێیاندا رەسەنەو ئاڵوگۆڕ ناکرێت‌و هەروەکــو چلۆن بە زارە کوردی‌یەکانی دی بێژراوە بەم زارەش دەبێژرێ •

**دەنگی ( ز ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارووا |
|---|---|
| زام | زەخم |

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| زەین | زێن |
| دز | دز |
| ناز | ناز |

ووشەمان نەبیستووە دەنگی (ز) لە قەوارەکەیدا بە زاری کوردی خواروو بگۆڕێ‌و بە دەنگێکی‌تر ئالوگۆڕ بکرێ ، بەڵکو هەمیشە هەروەکو خۆی دەبێژرێ : جا لە سەرەتای ووشە ، یان ناوەراستیدا هاتبێ یان لە کۆتاییدا سازکرابێ •

**پێنجەم : سازگەی سەرەتای مەڵاشوو •**

لەم سازگەیەوە دەنگی ( ط ، ت ، د ) دروست دەکرێ •

**دەنگی ( ط ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| تالب | تالب |
| تایەر | تایەر |
| تەلەبە | تەلەبە |

ئەم دەنگە لە هەردوو زاردا رەنگە کوردی نەبێت ، چونکە زۆر جار دەنگی ( ط )ی عەرەبی بەزاری کوردی ناوەندی دەگۆڕێ بە (ت)و ئەم دەنگە هەمیشە لە زاری کوردی خوارووداهەر (ت)ی‌یە •

**دەنگی ( ت ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| تێر | سێر |

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| کردت | کردد |
| تاسە | تاسە |
| هات | هات |

ووشەی (سێر) لە فەرهەنگی کوردی خوارووودا ووشەیەکی فارسییە ، بۆیە ناتوانین بلێین دەنگی (ت) لە کوردی ناوەندییەوە دەگۆڕێ بە دەنگی (س) ، بەلاّم ئەم دەنگە ئەگەر هاتو جێناوی لکاو بوو لە زاری کــوردی خوارووودا دەگۆڕێ بە ( د ) ، چونکە سازگەی (ت)و ( د ) یەکن ٠

جگە لەمە دەنگی (ت) لە زاری کوردی خوارووودا بە رەسەنیو بەبێ دەستکاری دەمێنێتەوە ، هەروەها دەنــگی (د)یش هەمیشــە پێــژەکەی بەرەسەنێ سازدەکرێ ٠ وەکو ووشەی (دز)و (دیوار)و (دەرد) ٠

**شەشەم : سازگەی قەراغی زمان ٠**

لەم سازگەیەوە دەنگی(ل ، ڵ ، ن ، نگ)دێنە دەرەوە ٠

**دەنگی (ل)و (ڵ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| لووت | نوت |
| لەر | لەر |
| تەل | تەل |
| دڵ | دڵ |
| لاڵ | لاڵ |

لەم لیستەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەنگی (ل)ی سـووكو (ڵ)ی قەڵەو دەنگێکی ڕەسەنەو لە هەردوو زارەکەدا ناگۆڕێ جگە لە ووشـەی (نوت) کە (ن)ەنەکەی بەرامبەر بە (ل)ی لووت دەستکاری کراوەو گۆڕاوە•

هۆی ئەم دەستکاری کردنو گۆڕینەش ڕەنـگە لەوەوە هـاتبێ کە سازگەی (ل)و (ن) یەکە ، هەرچەندە ئێمە ڕامان وایە کە ئەم (ن)و نە لـە زاری، کوردی خوارووداً دەستکاری نەکراوەو ووشەی ( نوت ) ووشەیەکی کوردی نەتەوایەتی ڕەسەنە ، چونکە دەنگی (ن)ون لە لووتەوە دێتە دەرەوەو دەشێ بە گوێرەی شوێنی هاتنە دەرەوەکەی ناوی شوێنەکەی ( نـوت ) دانراوە •

**دەنگی (ر)و (ڕ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| یاری | بازی |
| بەڕوو | بەلو |
| درك | درگ |

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| ڕێـگا | ڕی |
| کەڕ | کەڕ |
| کەر | خەڕ |

دەنگی (ر)ی سووك هەروەکو بزانین لە کوردی خوارووداً ناگۆڕێو ووشەی (بازی) لەم زارەدا فارسی‌یە ، بۆیە ناتوانین بڵێین دەنگی ( ر ) لـەم ووشەیەدا گۆڕاوە بە دەنگی ( ز ) ، هەروەها ووشەی ( بە لو ) هەڵبەت

له ووشەی ( بلوط )ەوە وەرگیراوەو دەنگی (ل)ەکەی گۆراوە بە دەنــگی ( ر )و ووشەی (بەڕوو) نیيە •

هەروەها دەنگی ( ڕ )ی قەڵەو لە هەردوو زاردا وەکو خۆی ماوەتەوە، هەرچەندە بەدەگمەن لە زاری کوردی خواروودا ئەم دەنگە لەبەر ئاسان کردنی ئاخاوتن سووك دەکرێ •

بە هەمان پێوانە تێبینی دەکەین کە دەنگی ( ن ) نونیش ناگۆڕێ وەکو ووشەی (نان)و ووشەی (ژن) کە بێژەکەیان بە هەر دوو زار یەکە •

دەنگی (نگ) کە دەنگێکی تێهەڵکێشە لە (ن)و (گ) بە رەســەنی ماوەتەوە لە هیچ ووشەیەکی فەرهەنگی کوردی خواروودا نەگۆڕاوە •

**حەوتەم : سازگەی مەلاشوو و ناوەراستی زمان •**

لەم سازگەیەوە دەنگی (ج ، چ ، ش ، ژ ، ی) سازدەکرێن •

**دەنگی (ج) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| جاجم | جاجم |
| جاڕدان | جاریان |

لەم دوو نموونەیەدا ئاشکرایە کە دەنگی (ج) رەسەنەو شوێنەکەی لــە ووشەدا لە هەر کوێیەك بێت ناگۆڕێتو نایەتە ئاڵوگۆرکردن •

**دەنگی (چ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| چاو | چەو،چەم |
| چوار | چوار |
| باخچە | باخچە |

دیسانەوە لەم لیستەیەدا ئاشکرایە کە دەنگی (چ) دەنگێکی کوردی رەسەنەو لەم دوو زارەدا شوێنەکەی قایمەو ناگۆڕێ •

**دەنگی (ش) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| شیر | شیر |
| ریش | ریش |
| رەش | سیە |

لەم لیستەیەدا تێبینی دەکەین کە دەنگی (ش)ین لەم دوو کۆمەڵە زارەدا ناگۆڕێو نایەتە ئاڵوگۆڕکردن •

ئەمە راستی‌یەکە بەڵام پێویستە ـ لە هەمان کاتدا بزانین کە ووشەی (سیە) لە کوردی خوارووا ، فارسیەو هیچ پەیوەندیەکی بەیاساو فۆنەتیکی کوردی‌یەوە نی‌یە •

**دەنگی ( ژ ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| ژەهر | زەهر |
| رۆژ | رووژ |
| نەورۆز | نەورۆز |

لەم لیستەیەدا لەلایەکەوە ساغ دەبێتەوە کە دەنگی ( ژ ) لە کوردی ناوەراستو کوردی خوارووا رەسەنەو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام هەندێ جار لە کوردی خوارووا دەگۆڕێ بە دەنگی ( ز ) وەکو (ژەهر) ، (زەهر) • ئەم گۆڕینەش دیارە بنەواشەیەکی فۆنەتیکی گشتی‌ی کوردی‌یە ،

چونکه له چەند ووشەیەکی ئەم دوو کۆمەڵە زارە کوردی‌یانەدا پێکەوە (ژ) دەگۆڕێ بە (ز) وەکو ووشەی (نەورۆز) کە لە بناغەدا (نەورۆژ)ە •

هەروەها ووشەی (تەڕەتیزە) کە لە سەرەتاوە (تەڕەتیژە) بووە •

**دەنگی (ی) :**

| کوردی خواروو | کوردی ژووروو |
|---|---|
| یانە | یانە |
| دیاری | دیاری |
| یاری | بازی |

لەم لیستەیەدا روونە کە دەنگی (ی) لە بنیات‌نانی ووشەی کوردیـــدا رەسەنەو لە هەر کوێیەك بێت شوێنەکەی لەق نی‌یە •

بەم پێیە ووشەی (بازی) لە کوردی خوارووداا نەگۆڕاوە ، چونکە ووشەیەکی فارسی‌ی بێگانەیە •

**هەشتەم : سازگەی زمانە بچکۆلە :**

لەم سازگەیەوە دەنگی (ك ، گ ، ق) دێتەدەرەوە •

**دەنگی ( ك ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| یەك | یەك |
| پیاوەکە | پیاوەگە |
| کەر | خەر |

لەم لیستەیەدا بەر لە هەموو شتێك ئاشکرایە کە دەنگی (ك) لەم دوو

کۆمەڵە زارە کوردیەدا رەسەنە ، بەڵام لە هەمان کاتدا دوو تێبینیمان بـۆ دێتەکایەوە :

یەکەم : لە ئامرازی پێناسدا (کە)و (ەکە) دەنـگی (ك) لە کـوردی خواروودا دەگۆڕێ بە (گ) •

هۆی ئەم گۆڕینەش لەوەوە هاتووە کە سازگەی (ك)و (گ) هاوبەشن•

دووەم : دەنگی (ك) لە ووشـەی (کەر)دا گۆڕاوە بـە (خ) ، ئـەم گۆڕێنەش ــ بێگومان ــ رووداوێکی فۆنەتیکی کوردی نییە ، چونـکە سازگەی دەنگی (خ) لە سازگەی دەنگی (ك)وە دوورە ، بۆیە کە پەنامـان بردە بەر فەرهەنگێکی فارسی بۆمان ساغدەبێتەوە کە ووشەی (خەر) لـە کوردی خوارووداووشەیەکی بیانییە •

**دەنگی (گ) :**

| کوردی خواروو | کوردی ناوەندی |
| --- | --- |
| گا | گا |
| گوڵ | گوڵ |
| وورگ | وورگ |
| چناوە | چەناگە |
| وشین | گوشین |
| وەت | گوت |

لەم لیستەیەدا لەلایەکەوە تێبینی دەکەین کە دەنگی (گ) لە کوردی ناوەندیو کوردی خوارووداڕەسەنەو لە ووشە گەلێکی ئەم دوو زارە بەبێ جێ‌گۆرکێو گۆڕین هاتووە ، بەڵام لەلایەکی‌ترەوە تێبینی دەکەین کە لـە ووشەی (چەناگە)و (چناوە) دەنگی (گ) گوراوە بە دەنگی ( و ) •

ئەم گۆرینەش هەڵبەت دیاردەیەکی ئاخاوتنیی‌یە ، چونکە لەبەر سووکی دەنگی (واو) ئەنجام دراوە ، بۆیە ئێمە رامان وایە کە ووشـەی چەنـاگە ووشەیەکی نەتەوایەتی‌یەو ووشەی (چناوە) لە ئاخاوتنی رۆژانەدا هاتۆتـە دی ، بەڵام لە ووشەی (گوشین)و (وشن)و (کوت)و (وەت) ئاڵوگۆڕکردن رووی نەداوە ، بەڵکو دەنگی (گ) لە دوو ووشەکەی کوردی خوارووودا بۆ سووکی فڕێ دراوە ، سەرئەنجام ووشەی (گوشین)و (گوت) هەردووکیان ووشەی کوردی نەتەوایەتین •

دەنگی (ق) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارو |
| --- | --- |
| قۆخ | خۆخ |
| ئیسقان | سخان |
| قور | خەرگ |
| قرتاندن | کرتاندن |
| قەزوان | کولان |

لەم لیستەیەدا دیاردەیەکی فۆنەتیکی گرنگ خـۆی دەچەسـپێنێو دووپاتی دەکاتەوە کە دەنگی (ق) بە زۆری لە کوردی خوارووودا یان دەبێ بە دەنگی (خ) یان دەگۆڕێ بە دەنگی (ك) •

ئەم دیاردەیە تەنانەت لەسەروای دێڕە فۆلکلۆری لوریشدا بەرچـاو دەکەوێ وەکو ئەم دێڕە کە دەڵێ :

**قاق قاق قورواقه**

**ئەڵس یە ڕۆژی پاکە (٢٨)**

سەروای (ك) لە ووشەی (پاك)دا بەرامبەر بە دەنگی (ق) لە ووشەی (قورواق) جووتکراوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەنگی (ق)و (گ) هەردووکیان ئەوەندە ئاوازەکەیان نزیکە لە مۆسیقای شعریشدا بەرامبەر بە یەکتر دێن •

هەرچۆنیك بێت ئەم دیاردەیە رەنگە دووپاتی ئەو بیروڕایە رووناکاتەوە کە دەڵێ : دەنگی (ق) لە زمانی کوردیدا رەسەن نییە ، بەلام ئەو دێرە فۆلکلۆرییە لەگەڵ چەند نموونەیەکی دی دەی سەلمێنن کە دەنگی (ق) لە هەموو زارە کوردییەکاندا نموونەی هەیە •

ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکیترەوە گۆڕینی (ق) بە دەنگی (غ) لەم دوو کۆمەڵە زارەدا لەوەوە هاتووە کە سازگەی ئەم دوو دەنگە لە یەکترەوە زۆر نزیکن و گۆڕینی دەنگی (ق) بە (ك) لەوەوە هاتووە کە شوێنی هاتنە دەرەوەیان هاوبەشە •

**نۆیەم : سازگەی قورگ :**

لەم سازگەیەوە چوار دەنگ بە گشتی سازدەکرێن کە ئەمانەی خوارەوەن :

( غ ، خ ، ح ، ع )

---

(٢٨) قاق : دەنگی بۆق ؛ قورواق : بۆق .
ئەڵسن : هەڵسە ، یە : ئەمە .

دەنگی ( غ ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| غەم | خەم |
| باغ | باخ |

دەنگی (غ) ــ هەروەکو ــ لەم دوو نموونەیەدا دیارە لــە کــوردی خوارووودا هەمیشە بە دەنگی (خ) ئاڵوگۆڕ دەکرێ •

ئەم دیاردەیە هەڵبەت پرسیارێك دەربارەی رەسەنی ئەم دوو دەنــگە لە زمانی کوردیدا بەرپا دەکات •

بەلای ئێمەوە ئەگەر ووشەی غەم لە کوردی ناوەندی‌دا بە عەرەبیش هاتبێ ، بەڵام ووشەی (باغ) بڕوا ناکەین کوردی نەبێــت ، سەرئەنجــام گۆڕینی دەنگی (غ) بە دەنگی (خ) لەوەوە هاتووە کە سازگەیان یــەکەو لەبەر دەرفەتی ئاخاوتنی رۆژانە ئاڵوگۆڕ بە یەکتر دەکرێ •

دەنگی (خ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| خورما | خورما |
| خواستن | خوازیین |
| رووخا | رمیا |

لەم لیستەیەدا ئاشکرایە کە دەنــگی (خ) لــەم دوو کۆمەڵــە زارە کوردی‌یانەدا رەسەنەو جێگاکەیان قایمە ، بۆیە ئێمە رامــان وایە کە لــە ووشەی (رِمیا) دەنگی (خ) نەکراوە بە دەنــگی (م) بەڵــکو فڕێ دراوەو (م) مە لە جیاتی بزوێنی (و) ووشەی (رووخا) هاتووە •

دەنگی ( ح ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| حەوت | هەفت |
| حەوشە | هەوش |
| حەسەن | هەسەن |

لەم لیستەیەدا کە هەندێك لە ووشەکانی کوردیی‌و هەندێکی‌تریان کوردی نین ، دیارە کە هەمیشە دەنگی (ح) لە کوردی خوارووددا دەگۆڕێ بە دەنگی ( ه ) •

ئەم دیاردەیە هەڵبەت رامانده‌کێشێ بەرەو کۆڕی لێکۆڵینەوەی دەنگی ( ح ) لە زمانی کوردیدا : ئایا دەنگێکی رەسەنە یاخود لە زمانێکی‌ترەوە قەرزکراوە ؟ •

ووشەی (حەوت) لە کوردی ناوەندیدا دووپاتی دەکاتەوە کە دەنگی (ح) کوردی‌یە ، بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕکردنە دیاردەیەکی ئاخاوتنی‌یەو پێویستە ئەو ووشانە لە کوردی خوارووددا بە دەنگی (ح) بیێژرێن •

دەنگی ( ع ) :

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| عەرەب | ئەرەو |
| عەلی | ئەلی |

لەم دوو نموونەیەدا دیارە کە دەنگی (ع) بە زۆری لە زمانی عەرەبیدا هاتووەو لە کوردی خوارووددا هەمیشە دەگۆڕێ بە (همزە) •

ئەم گۆڕینە لە کوردی ناوەندیشدا رووودەدات کە ووشـەیەکی عـەرەبی وەردەگرێ •

بۆ بەڵگە ووشەی (ئازیز) کە لە بناغەدا (عەزیزە) مامۆستا (گۆران) ئەڵێ :

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن

رۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن
بەلاّم تەبیعت هەرگیزاوهەرگیز
بێ رووناکی‌یە بێ بزەی ئازیز

سەرئەنجام دەنگی (ع) لە زمانی کوردیدا رەنـگە لە عەرەبی‌یـەوە وەرگیرابێت‌و پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە •

**دەیـەم : سازگەی بنی قورگ :**

لەم سازگەیەوە دەنگی (ه ، ئ) سازدەکرێن •

**دەنگی ( ه ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| هار | هار |
| هەرە | هەرە |
| هەوێر | خوێر |
| هێز | ئاز |
| هەور | ئەور |
| هەڵسا | ئەڵسا |

زەین
لەم لیستەیەدا ئەم تێبینی‌یانەی خوارەوە دێنە بەر زێن •لە (ذهن) ی عەرەبی‌یەوە وەرگیراوە

یەکەم : دەنگی ( ھ ) لەم دوو کۆمەڵە زارەدا ڕەسەنە ، چونکە لە واژەگەلێکی بنەڕەتیدا بە هەر دوو زار هاتووە •

دووەم : دەنگی ( ھ ) لەبەر نزیکی سازگە دەکرێ بە (خ) •

سێیەم : هەمان دەنگ لەبەر یەکێتی سازگا دەکرێ بە ( ئـ ) •

سەرئەنجام ئێمە ڕامان وایە کە ئەو ووشانەی بە دەنگی ( ھـ ) هاتوون ووشەی نەتەوایەتی‌و ئەوانەی دەنگە (ھـ) یەکەیان دەستکاری کراوە ئاکامی قسەی ڕۆژانەن •

**دەنگی ( ئـ ) :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خوارو |
|---|---|
| ئەسپ | ئەسپ |
| ئەچم | ئەچم |

لەم دوو نموونەیەدا جێگای مشتومڕ نی‌یە کە دەنگی ( ئ ) لە زمانی کوردیدا ڕەسەنەو ئەم ڕەسەنی‌یە تەنانەت لە نیشانە فرمانی ئێستەشدا خۆی دەنوێنێ •

**دەنگە بزوێنەکان :**

هەروەکو لە زانستی زماندا چەسپاوە : ئەرکی دەنگی بزوێن لە سازکردنی ووشەدا یاریدەدانی دەنگە کپەکانە بۆ ئەوەی کەرتەی واژە ساز بکەن‌و بە ئاسانی دەنگ بدەنەوە •

سەرئەنجام دەنگی بزوێن خۆی لە خۆیدا سازگەی سەربەخۆی نی‌یە ، بەڵکو دوابەدوای دەنگێکی کپ یان پتر بەرگوێ دەکەوێ ئەم ڕاستی‌یە زمانی‌یە پێویست دەکات کە دەنگە بزوێنە کوردی‌یەکان بە گوێرەی

سروشتو کورتیو درێژی‌یان دابەش بکرێن ، بە تایبــەتی ئەگەر توێــژەر یاسای گۆڕینو دەستکاری‌یان لە کۆڕی زارە کوردی‌یەکاندا دەست نیشان بکات ، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەم دەنگانە بەسەر سێ کۆمەڵدا دابەش دەکەین :

**یەکەم : دەنگە بزوێنەکراوەکان :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| سەر | سەر |
| دەر | دەر |
| کار | کار |
| ژان | ژان |
| سارد | سەرد |
| چاو | چەو |

لەم لیستەیەدا تێبینی دەکەین کە دەنگی بزوێنی کراوە لەم دوو کۆمەڵە زارە کوردی‌یانەدا دوو پلەیە :

پلەی کورت ( ە ) ، پلەی درێژ ( ا ) •

هەروەها تێبینی دەکرێ کە هەر دوو پلــەکە لە کوردی ناوەنــدیو کوردی خوارووەدا هەنو لە ووشەی بنەرەتی بەم دوو کۆمەڵە زارە بەرگوێ دەکەونو تاقە جیاوازی لە تێوانیاندا تەنیا ئەوەیە کە لە ووشەی (ســارد)و (چاو) پلەی بزوێنی کراوەی درێژ ، کورتکراوەتەوەو بوە بە (ە) وەکــو ووشەی (سەرد) ، (چەو) لە زاری لوری بچوکدا •

دووەم : دەنگە بزوێنە قووچاوەکان :

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
| --- | --- |
| چوار | چوار |
| خوا | خودا |
| کور | کور |
| گوڵ | گوڵ |
| گووپ | گوپ |
| دوور | دور |
| هۆز | هووز |
| هۆش | هووش |
| دۆ | دوو |
| خوێن | خوێن |
| شوێن | شوون |

لەم لیستەیەدا دەردەکەوێ کە دەنگی بزوێنی قووچاو پێنج پلەیە :

یەکەم : دەنگی بزوێنی قوچـاوی کورتریـن ، کە بەر لە دەنـگی (واوی کپ) بەرگوێ دەکەوێ •

ئەم دەنگە لە هەر دوو کۆمەڵە زاردا هەیەو هیچ گۆڕینێك بە سەریدا نایەت ، هەر وەکو دوابەدوای دەنگی (چ) پێش دەنگی (واو) لە ووشەی (چوار)دا هەستی پێدەکرێ •

دووەم : دەنگی بزوێنی قوچاوی کورت ، کە تاقە (و)یکەو تا رادەیەك بەرامبەر بە (ضمە)ی عەرەبی دێت • ئەم بزوێنە دیسانەوە لـە هـەر دوو کۆمەڵە زاردا بەرگوێ دەکەوێتو لە ووشەکانیاندا ناگۆڕێ •

سێیەم :

دەنگی بزوێنی قووچاوی درێژ : کە لە کوردی ناوەندا زۆر جار بە دوو واو (وو) دەنووسرێتەوە • ئەم بزوێنە قوچاوە لە کوردی خواروودا بەرامبەر بە کوردی ناوەند دوو جۆرە دەستکاری لە سەریدا ئەنجام دراوە، چونکە هەندێ جار کورت دەکرێتەوە وەکو ووشەی (گوپ) کە لە کوردی ناوەندا (گووپ)ە ، هەندی جاریش دەبێ بە قووچاوی داکێشراو کە لە لوری پچوکدا دەنگێکی تایبەتی‌یە هەرچەندە بە زۆری دەنگی قووچاو بەسەریدا زاڵە ، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆنی (ی)ی لێوە دێتو پێشنیازکراوە بە واویكو دوو خاڵ ( و ) پیتەکەی وێنە بکێشرێ •

ئەم دوو جۆرە دەستکاری‌یە هەڵبەت ئەوە ناگەیەنێ کە دەنگی قووچاوی درێژ لە کوردی خوارووەدا وەکو کوردی ناوەند نی‌یەو هیچ ووشەیەك بەم زارە بەرگوێ ناکەوێت ، چونکە لە زاری لوری بچوکدا ئەم دەنگە هەیە وەکو ووشەی (بوو) واتە : (بۆن) •

سەرئەنجام ئێمە لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە واوی قوچاوی درێژ • دەنگێکی نەتەوایەتی‌و دەستکاری کردنەکانی لە کوردی خوارووەدا ئاکامی چالاکی‌یەکی ئاخاوتنی‌یە •

**چوارەم : دەنگی قووچاوی خاو :**

کە بە پیتی (ۆ) وێنە دەکێشرێ ئەم دەنگە لە کوردی خوارووەدا دەستکاری دەکرێتو دەبێت بە دەنگێکی قووچاوی درێژ • هەر وەکو لە ووشەی (هووز)و (هووش)و دەیان ووشەی لوری بچووکدا دەردەکەوێ•

ئەم دیاردە دەنگ سازی‌یە رەنگە بەوە راڤە بکرێت کە لە زاری کوردی خوارووەدا (واوی خاو) (ۆ) بەرکوێ ناکەوێت ، بەتایبەتی ئەگەر هاتو زانیمان ئەو ووشانەی کە بە زاری کوردی خواروو دەنگی بزوێنی

قووچاوی خاو تیایاندا بەرگوێ دەکەوێ ، کوردی رەسەن نین : وەکو ووشەی لۆز ، جۆز •

**پێنجەم : دەنگی قووچاوی لار •**

کە بە پیتی (وێ) وێنە دەکێشرێ ، ئەم بزوێنە لە هەر دوو کۆمەڵە زاردا هاتووە وەکو ووشەی (خوێن) • بەڵام هەندی جار لە زاری لوری بچوکدا دەبێ بە قووچاوێکی درێژ وەکو (شوون) واتە : (شوێن) •

**سێیەم : دەنگی بزوێنی داکشاو :**

| کوردی ناوەندی | کوردی خواروو |
|---|---|
| ژن | ژن |
| مل | مل |
| تییژ | تێژ |
| بیست | بیست |
| پەنییر | پەنیر |
| خێش | خێش |
| سێ | سێ |
| هێز | ئــاز |
| هاوسێ | هاوسا |

لەم لیستەیەدا روون دەبێتەوە کە دەنگی بزوێنی داشکاو چوار پلەیە :

یەکەم : دەنگی بزوێنی داشکاوی کورترین کە لە ألفوبای کوردی بە پیتی عەرەبی وێنەی نییەو بەرامبەر بە کسرەی مختلسەی عەرەبی دێت ، هەروەکو بزوێنی دوابەدوای دەنگی (ژ)و (م) لە ووشەی (ژن)و (مل)دا • ئەم بزوێنە لەهەر دوو کۆمەڵە زاردا وەك یەکەو ناگۆڕێ •

دووەم : دەنگی بزوێنی داکشاوی کورت کە پێشنیاز دەکرێ بە پیتی (ی) وێنە بکێشرێ • ئەم بزوێنە لە هەر دوو کۆمەڵە زاردا چوون یەکەو دەستکاری ناکرێت ، وەکو بزوێنی ووشەی (بیست)و (سی) •

سێیەم : دەنگی بزوێنی داکشاوی درێژ :

کە باشترین وایە بە دوو (یی) بنوسرێتەوە وەکو ووشەی (پەنیـیر) لە کوردی ناوەندا •

ئەم بزوێنە زۆر جار لە کوردی خواروودا کورتو خاو دەکرێتەوەو پێویستە بە یەك (ی) وێنەبکێشرێ وەکو ووشەی (پەنێر) ووشەی (تێژ) واتە ( تییژ ) •

چوارەم : دەنگی بزوێنی داکشاوی خاو •

کە بە پیتی (ێ) وێنە دەکێشرێ • ئەم بزوێنە هەرچەندە لە هەر دوو کۆمەڵە زاردا هەیە ، بەڵام لە کوردی خواروودا هەنـدی جار دەگۆڕێو دەبێ بە بزوێنی کراوەی درێژ :

وەکو ووشەی (ئاز) واتە (هێز)و ووشەی (هاوسا) واتە (هاوسێ) •

سەرەرای ئەم سێ بزوێنە سەرەکی‌یانە واتە بزوێنی کراوەو بزوێـنی قووچاوو بزوێنی داکشاو لە کوردی خواروودا جـۆرە بزوێنێـك هەیـە دەتوانین بە بزوێنی داکشاوی مەیلەو قووچاو ناوی بەرین ، چونکە لـە بناغەدا داکشاوەو بۆنی قووچاوێکی کورترینی لێوە دێت ، وەکو ووشەی (دیُت) واتە (کچ) ووشەی (لیُت) واتە (رووت) •

**زمانی نەتەوایەتی لە کۆری ووشەسازیدا :**

ووشە لە هەموو زمانێکدا بەگشتی دوو جۆرە :

**جۆری یەکەم :**

زاراوەیەکە تاقمێك یان پتر لە نەتەوەیەك بۆ واتایەکی تایبەتی سازی دەکەنو لەبەر تیشکی ڕێبازێك لە ڕێبازەکانی زمانەکەیاندا دایدەرێژن •

ئەم جۆرە ووشەیە لە زمانی نەتەوایەتیماندا هێشتا ، وەکو پێویست بۆ مەبەستەکانی گشت لایەنەکانی ژیان نەهاتۆتە دەست • جگە لەمە کە لەم نیو سەدەیەی دواییەدا زاناو رۆشنبیرانی کورد تێکوشاون زاراوە بۆ دەربڕین لە مەبەستەکانیان سازبکەن بە زۆری ئاکامی کۆششەکەیان گیرۆدەی سێ دیاردەی سەرەکی بووە :

**دیاردەی یەکەم :**

دانانی دوو زاراوە یان پتر بۆ یەك واتا •

**دیاردەی دووەم :**

داتاشینی زاراوە بەبێ پەیرەوی‌کردنی دەستوورەکانی ووشەسازی کوردی •

**دیاردەی سێیەم :**

وەرگرتنی زاراوە لە زمانە بیانی‌یەکانەوەو سەپاندنیان بەسەر فەرهەنگی کوردیدا •

ئەم سێ دیاردەیە ــ سەرەرای پێنەگەیشتنی فەرهەنگی زاراوەی کوردی ــ کۆسپێکی نا هەمواری خستۆتە رێگای بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتیمان ، بۆیە پێشنیاز دەکەین ــ کۆڕی زانیاری عراق ــ دەستەی کورد ــ زاراوەی کوردی دابنێت ئەم ئامانجەش بەلای ئێمەوە لە پێكهێنانی لیژنەی پسپۆر بۆ هەر لقێك لە لقەکانی زانستو زانیاری‌و وێژەی رۆشنبیری دەبێت ، بە مەرجێك ئاکامەکانی ئەم لیژنانە بخرێنە بەردەستی کۆنگرەیەکی گشتی لە زانایان بۆ وەرگرتنی بڕیاری زانستی کۆتایی لە سازکردنی فەرهەنگی نەتەوایەتی زاراوەی کوردی‌ی دوور لەو سێ دیاردەیەو هەموو دیاردەیەکی دی‌ی کە لەگەڵ ئاواتی نەتەوایەتیماندا لە بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتیمان نە گونجێت •

جۆری دووەم : ووشەی فەرهەنگی‌یەکە گشتی‌یەو بۆ ماناکانی کاروباری ژیانی جەماوەران دانراونو لە دەقەکانی وێژەی رەسەنو دەمەتەقەی خەڵکیدا چەسپاون •

دیاردەی سامناکی ئەم جۆرە ووشەیە لەوەدا دەست نیشان دەکرێت کە هەر خێڵێکی کوردیو ناوچەیەکی کوردەواری تا رادەیەکی زۆر ووشەی تایبەتی خۆی هەیەو هەر ووشەیەك بۆ مانایەکی جیاواز لە خێڵو ناوچەیەکی‌دی بەکاردەهێنێ •

بیروڕای هەندێ رۆشنبیری کورد بۆ چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە لەوەدا پەنگی خواردۆتەوە کە ئەم ووشە جیاوازانە هاوواتاو مترادفنو چلۆن بەکاردەهێنرێن بەبێ دەستکاری لە دووتوێی فەرهەنگی کوردەواریدا تۆماربکرێن :

بۆ نموونە بەرامبەر بە ووشەی (الرئیس)ی عەرەبی با دوو واژەمان هەبێ : واژەی (سەرۆك) کە لە کوردی ناوەندا باوەو واژەی (قوماندار) کە لە کوردی ژووروودا بەکاردێت •

بەلای ئێمەوە ئەم بیروڕایە جگە لەوەی زانستی نی‌یەو سروشتی زمان دانی پێدا نانێ گێرەشێوێنیەك دەخاتە ناو هەوارگەی زمانی کوردی‌یەوەو رێگا لە بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتیمان دەگرێت •

سەرئەنجام رێبازمان لە جیاتی ئەم بیروڕایەو بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ووشەی هاوواتا لە زمانەکەماندا لەسەر بناغەی دانانی هەر ووشەیەك بۆ تاقە مانایەك دامەزراوە •

بۆ بەڵگە بەرامبەر ووشەی (الخوف)ی عەرەبی کوردی ناوەند ووشەی (ترس) بەکاردەهێنێو کوردی خواروو دەربرینی (زیلگم چوو) سازدەکات •

جا لەبەر ئەوەی (الخوف) چەند پلەیەکەو نەتەوەی عەرەب جگە لـەم ووشەیە ووشەی (الرعب)ی هەیە ئێمـە دەتوانـین بلێـین (ترس) مـانای (الخوف)ەو (زێلّک چوون) یان (زراو تەقین ) بەمانای (الرعب)ە •

هەروەها لە زارەکانی کوردیدا جیاواز جیاواز ووشـەی (گەورە ، گەپ ، زل)مان هەیە • پێشنیاز دەکەین کە هەر ووشەیەك لەم ووشـانە بۆ واتایەکی سەربەخۆ بەم جۆرە سازبکرێ •

گەورە : العظیم
گەپ : الکبیر
زل : الضخم

بەم پێیە فەرهەنگە لەیەکتر پچڕاوەکانی زارەکانی زمانی کـوردی زانستی‌یانە یەك دەگرنەوەو هەر ووشەیەکیان چۆن باوباپیرمان لەمەوبـەر بەکاریانهێناوە ئێمە بەکاریدەهێنین‌و دەگەینە نەمری فەرهەنـگی زمـانی نەتەوایەتیمان •

**زمانی نەتەوایەتی لە کۆڕی ڕێزماندا :**

ڕێزمان ــ بێگومان ــ بڕبڕەی پشتی زمانەو دەستوورەکانی ئەگەر هات‌و پارێزران مایەی بوون‌و مانی ئەو زمانەن •

هەروەها بە پێچەوانەوە کە ئەم دەستوورانـە فەرامۆش دەکرێـن‌و پەیڕەوی ناکرێن زمان بە هەنـگاوی فراوان ملی ڕێـگا بۆ لەناوچـوون دەگرێتەبەر •

زمانی کوردی ــ لەبەر تیشکی ئەم راستی‌یانەدا کە مەیانی بۆ ئاخاوتنی رۆژانەو زاری ناوچەی چۆلکردوە ئەگەر فریای نەکەوین دەسـتوورە نەتەوایەتی‌یەکانی نەبووژێنێتەوە دەکەوێتە مەترسیەکی سامناکەوە •

بوژاندنەوەی دەستوورەکانی زمـانی کوردی ئەگەر بە ڕێبـازێکی

زانستی هەوڵی بۆ بدرێ کارێکی ئێجگار قوورس نی‌یە • کەوابوو ئـەم ڕێبازە زانستی‌یە چی‌یەو چۆن بناغەکانی دێنە بەرچاو ؟ •

بەلای ئێمەوە ئەم ڕێبازە دیسانەوە لەسەر دوو بناغە دامەزراوە :

بناغەی یەکەم : دۆزینەوەی دەستووره دێرینەکانی زمانی نەتەوایەتی‌ی دێرینی کوردی‌یە بە شی‌کردنەوەی دەقە ڕەسەنەکانی ئەم زمـانە کە لـەم ڕۆژانەدا بە زارە ناوچەیەکان جیـاواز جیـاواز تا رادەیـەك دەربڕاون‌و پارێزراون •

بناغەی دووەم : شی‌کردنەوەی ئەم دەستوورانەو یەکخستنیان لەبەر ڕۆشنایی راستی‌یەکی مێژوویدا کە دەڵێ : زمانی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ڕووی ڕێزمانەوە یەك بوەو دەستوورەکانی بۆ دەربڕین لە واتا بە چەشنێکی سروشتی سازکراون •

ئەم ڕێبازە بە هەر دوو بناغەکەیەوە وەنەبێ بیردۆزەیی بێت ، بەڵـکو ئاکامێکی زانستی‌یەو بۆ سەلمـاندنی لە کۆڕی پەیرەوی‌کردنیـدا دەیـان بەڵگەمان هەیە :

یەکێك لەم بەڵگانە دەی‌سەلمێنێ کە دەسـتووری ڕستەسـازی زاری کوردی خواروو هەمان دەستووری ڕستەسازی کوردی ناوەند بووە •

وەکو نموونەیەك تێبینی دەکەین لەم ڕۆژانەدا زاری کوردی خواروو لە ڕستەسازی فرمانی رابووردووی تێپەردا راناوی بکەر دەلـکێنی بـە فرمانەکەیەوەو دوای دەخات‌و دەڵێ : (سیروان دیم) واتە (سیروانم دی) •

کەچی لە دەقی هەرە دێرینی ئەم زارە ئەو دەستوورە وانەبووە ، بەڵکو وەکو دەستووری ڕستەسازی فرمـانی رابووردووی تێپـەر لە کـوردی ناوەندا هاتۆتە کایەوە ، هەر وەکو لەم پەندەی زاری لووریدا دەردەکەوێ

که دەڵێ : (تەیرە منی دی خەنی) واتە (جەردە منی بینــی پێکەنی) لــەم پەندەدا راناوی بــکەر (ێ) پێش فرمــانەکە کەوتــووەو بــە گوێــرەی ڕستەسازی زمانی نەتەوایەتیمان بە راناوی تەواوکەرەوە لەم بارەدالکاوە •

سەرئەنجام بە گوێرەی ئەم بەڵگەیە دەستووری رســتەسازی زاری لووری بۆ سازکردنی گشت جۆرەکانی فرمانی رابووردوو کە راناوی بکەر دوا دەخات دەستووریکی زمانی نەتەوایەتی کوردی نی‌یە ، بەڵکو ئاکامێکی ئاخاوتنی رۆژانەیە بەکارتێکردنی زمانێکی بێــگانە پەیــدابووە ، بۆیــە پێویستە ئەم دەستوورە فەرامۆش بکرێت‌و لە بریدا دەســتووری زاری کوردی ناوەند بەکاربهێنرێ •

بەڵگەیەکی دی‌ی لە دەستووری کۆکردنەوەی نــاوەوە دەی‌خەینــە بەرچاو : لە زاری لوری لەم رۆژانــەدا تەنیا بە پاشــگری (ێــل) نــاو ، کۆدەکرێتەوەو بە هیچ جۆرێك لەم روەوە پاشگری ( ان ) بەکارناهێنــێ واتە : لەبری (پیاوان) ، (ژنان) لە زاری لوریدا دەوترێ (پیاویل) ، (ژنێل) • بەڵام ئێمە پەندێکی پێشینانی لوریمان وەچنگ کەوتووە کە لە کۆکردنەوەدا (ان)ی بەکارهێناوەو ووتویەتی :

(موشڵە ، میشان کەفتە ناو خەزان) : واتــە (مشــکەکان ، مشــکە بچکۆلەکە کەوتە مەنجەڵەکەوە ) • جا کە پاشگری (ان) لەم زارەدا رەسەن بێت چۆن دەستووری زمانی نەتەوایەتیمان بۆ هەمــوو زارە کوردی‌یەکان لەم روەوە یەك دەخەین‌و دەی‌بوژێنینەوە ؟ لوری بە پــاشکری ( آن ) بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵە ناوێك بەکار دێت کە زۆر نەبێ بەڵام پاشــگری (ێل) کە لە زارە کوردی‌یەکان دی‌ی (گەل)ە بۆ کۆکردنــەوەی ئــەو نــاوانە سازدەکرێت کە زۆر بن •

لە ئاکامدا ئێمە رامان وایە کە دەستووری کۆکردنەوەی ناو لە زمانی نەتەوایەتی کوردیماندا لەسەر دوو بنەواشە دامەزراوە :

**بنەواشەی یەکەم :**

دەڵێ : ئەگەر هـــاتو کۆمەڵە ناوێکمان هەبوو ژمارەیان لە دووەوە هەتاکو رادەیەکی دەست نیشان‌کراو بوو وەکو پەنجا ، پاشگری (ان) بـــۆ کۆکردنەوەیان بەکار دەهێنین •

**بنەواشەی دووەم :**

دووپاتی دەکاتەوە کە ئەگەر هات‌و ئەو رادەیە دەست نیشان‌کـــراو نەبوو پاشگری (ێل) یان (گەل) بەکاردەهێنن •

لەبەر تیشکی ئەم شی‌کردنەوەیەدا ئەو دەستوورە پێویستە لە کتێبـــە رێزمانی‌یەکانماندا بەکاربهێنرێ‌و ببێ بە دەستوورێکی نەتەوایەتی‌و لەمەودوا پاشگرەکانی کۆکردنەوەی ناو بەبێ جیاوازی واتایان بەکارنەهێنرێن •

بەڵگەیەکی‌تر بۆ سەلماندنی ئەم ڕێبازە لە سازکردنی ڕستەی بـــکەری نەناسراوەوە دەخەینە بەرچاو : لە کوردی ژووروودا بۆ نموونە ئەم رستەیە لەم وێنەیەدا سازدەکرێ کە دەڵێ (پیاوەکە هاتە کوشتن) بەڵام لە کـــوردی ناوەندا ئەو وێنەیە بەم جۆرەیە کە دەڵێ : (پیاوەکە کوژرا) کەواتـــە دوو وێنەی جیاوازمان بۆ ئەم رستەسازی‌یە هەیە ، هەرچەندە کوردی ناوەندیش هەندی جار وێنەی یەکەمی بەکارهێناوە ، ئەم بەکارهێنانەش ، بێ‌شـــك دووپاتی دەکاتەوە کە وێنەی یەکەم‌و وێنەی دووەم هەر دووکیان کوردی رەسەنن‌و هەریەکێکیان بە گوێرەی دەستووری زمانی نەتەوایەتیمان بـــۆ مەبەستێك سازکراوە • کەوابوو ئەم دەستوورە چۆن بووە ؟ •

بەلای ئێمەوە وێنەی یەکەم : (پیاوەکە هاتە کوشتن) لە حاڵەتێکدا بەکاردێت کە ناسینی بکەرەکە کارێکە هەرگیز نایەتە دی‌و کوشتنەکە وەکو ئاکامێکی سروشتی لە قەلەم دراوە • بەڵام وێنەی دووەم : (پیاوەکە کوژرا) وا نی‌یە بەڵکو بکەرەکە دەشێ بناسرێ‌و ناسینی پێویستە •

بەگوێرەی ئەم دەستوورە پێویستە ئەو دوو وێنەیە بکرێـن‌و بـە ئاکامێکی زمانی نەتەوایەتیمان‌و لەسەر ئەم دوو بنەواشـەیەی خوارەوەدا سازبکرێ :

بنەواشەی یەکەم : ئەگەر هات‌و ناسینی بکەرە نەناسراوەکە گرنـگ نەبوو وێنەی یەکەم بەکاربهێنرێ‌و بووترێ‌ی : (پەنجەرەکە هـاتەشکان ، ماڵەکە هاتە سووتان) •

بنەواشەی دووەم : ئەگەر هات‌و بکەرە نەناسراوەکە ناسینی گرنـگ بوو و دەشێ دەست نیشان بکرێ ، وێنەی دووەم سـازبکرێ‌و بووترێ : (پەنجەرەکە شکێنرا) ، (ماڵەکە سووتێنرا) ئەم دەستوورە هەروەکو دیـارە جیاوازی نێوانی کوردی ژووروو و کوردی ناوەند لە رووی ئەم جـۆرە رستەسازی‌یـەوە رادەمـاڵێ‌و هەردوو زارەکـە یەکدەخـات‌و وێنـەی هەریەکێکیان بۆ مەبەستێکی دەست نیشان‌کراو سازدەکات •

هەرچۆنێك بێت ئەم رێبازە بۆ بووژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتیمـان پێشنیازێکەو بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر دەی‌خەینە بەرچاوی زانایانی کورد بە هیوای ئەوەی بیخەنە بەرباس‌و پەیڕەوی بکەن •

**سەر ئەنجامەکان :**

لە شی‌کردنەوەو لێکدانـەوەی بیرۆکـەکانی ئەم تۆژینەوەیـە نـۆ سەرئەنجامی سەرەکیمان بۆ رچاودەبێ :

یەکەم : لە باسکردنی زمانی کوردی‌و تۆژینەوەو یەکالاکردنـەوەی رێزمان‌و دەستوورەکانی پێویستە زانستیانەو بە وردی زاراوەی ئاخاوتن‌و زارو زمان لەیەکتر جوودێ بکرێنەوەو سنوورو چەمەکی هەریەکێکیـان بکێشرێ‌و پێناسەکەی بگیرێتە بەرچاو •

دووەم : ئاخاوتن واتە قسەی رۆژانە نابێ بەهیچ جۆرێك بکرێ بـە

بەڵـــگەی ســـاغ‌کردنەوەی تەنگوچەڵەمەکانی ڕێزمان‌و دەستووری زمانی کوردی •

سێیەم : هەر زارێك لە زارەکانی زمانی کوردی چەنــد لاتەنیشـــت‌و کەم‌بڵاو بێت ناشێ لە کاتی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیـــدا پشت گــوێ بخرێ‌و فەرامۆش بکرێ ، بەتایبەتی ئەگەر هات‌و بەم زارە دەقی ڕەســەن لە هۆنراوەو پەخشان‌و پەندی پێشنان‌و قسەی نەســتەق ســازکرابوو و وەدەستمان گەیشتبوو •

چوارەم : زمانی نەتەوایەتی کوردی کە هۆی دەربڕینی گشت نەتەوەی کوردە ڕۆژێك لە ڕۆژان بوون‌و قەوارەی یەکدگیری هەبووەو ڕێــگای وێژەرانی گشت هــۆزو عەشرەت‌و نــاوچە کوردەواری‌یــەکان بوە لــە تۆمارکردنی زادەی هەست‌و بیریان •

پێنجەم : ڕێزمان‌و دەستووری ئەو زمانە کوردی‌یــە نەتەوایەتی‌یــە هەرچەندە بە تەواوی لە کاتی خوێدا تۆمار نەکراوە یاخوود با بڵێین لــەم ڕۆژانەدا نەگەیشتۆتە دەستمان ، بەڵام لە ڕێگای زارە کوردی‌یەکانــەوە پارێزراون‌و دەتوانین بە شی‌کردنەوەی ئەم زارانە بیان‌بوژێنینەوەو یەکیان بخین‌و دیسانەوە سەرلەنوێ وەکو ڕێزمــان‌و دەستورێــکی نەتەوایــەتی بخەینە
بەکاریان‌بهێنین •

شەشەم : لە ڕێگای شی‌کردنەوەو بەراوردکاری دەنگەکانی ووشەی زارە کوردی‌یــەکان بە گوێــرەی سازگەکانیــانەوە دەتوانــین دەنــگە نەتەوایەتیەکانی زمانی کوردی بچەسپێنین‌و ووشەی ڕەسەن لە ووشــەی بیانی جیابکەینەوەو فەرهەنگێکی زمانی نەتەوایەتی کوردی ــ پێك‌بهێنین•

حەوتەم : بە هیچ جۆرێك نابێ ووشەکانی قســەی ڕۆژانــەو زارە کوردی‌یەکان وەکو هاو واتاو مرادف وەربگرین‌و لەیەك ووشــە زیاتر بۆ

واتایەك بەكاربهێنین بەڵكو پێویستە بە ڕێبازێكی زانستی هەر ووشـەیەك لەو ووشانە بۆ تاقە مانایەك دەست نیشان بكەین •

هەشتەم : سازكردنی فەرهەنگی زاراوەی نەتەوایەتی لەبەر تیشكی دروشمی : هەر زاراوەیەك بۆ واتایەك پێویستی‌یەكی نەتەوایەتی‌و زانستی‌یە بۆ بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی كوردی •

نۆیەم : ڕێزمان‌و دەستووری زمانی نەتەوایەتی كوردی بەوە دەبووژێتەوە كە هەر دەستوورێك بۆ مەبەستێكی دەست نیشان‌كراو بچەسپێنرێ‌و بەهیچ جۆرێك دەستوورە جیاوازی‌یەكانی زارە كوردی‌یەكان لەسەر بناغەی كۆمەڵە دەستوورێك بۆ تاقە مەبەستێك نابێ بەسەر زمانی كوردیدا بسەپێنرێ •

★ ★ ★

# اللغـة الكردية القوميـة

## عرض وتلخيص

مما لا مراء فيه : أن الثقافة والحضارة والمعرفة لا تؤتي ثمارها بين يدي الشعب أي شعب الا اذا قيدتها لغة موحدة يتكلم بها جماهير ذلك الشـعب وتؤدي عن فكرة القومي •

ومعروف أن أبناء الشعب الكردي وعلماءه قد سعوا جاهدين منذ زمن طويل الى تحقيق مثل تلك اللغة المستجيبة لهـذه الحقيقة ، وذلك لان ثمار قرائحهم القومية وصلت اليهم بلهجات متفرقة ولم يتيسر لها أن تتوحد تعبيراً متجانساً في كلمه وصيغه ، ومن هنا فقد بذلوا جهوداً علمية متعاقبة لتلافي هذه الحالة غير الطبيعية •

ان هذا البحث يرصد هاتيك الجهود ويسهم في حومتها محققا أهداف المادة الثانية من قانون تأسيس المجمع العلمي العراقي المرقم ١٦٣ لسنة ١٩٧٨، فهو لذلك قد أتخذ لنفسه عنوان اللغة الكردية القومية تميزا عن المصطلحات التي كللت بعضا من تلك الجهود بعبارات من مثل (اللهجـة الادبية واللغـة المتحدة ) ذلك لان هذه العبارات لاتكشف عن دور اللغة التي نرجوها لشعبنا الكردي : فاللهجة الادبية تقتصر على شأن واحد من شؤون الحياة ، واللغـة المتحدة تشير الى لون من البحث يجمع شتات اللغة ويخلط مابينها أشـلاء مبعثرة •

أما عنوان اللغة القومية فهو يطمح الى تطوير لغة الشعب الكردي باحياء

قواعدها الاصيلة وبعث مفرداتها الموروثة لتعود حية الى ميدان حياة الجماهير أداة للتفكير الموحد ووسيلة للتعبير الهادف •

ان هذه الغاية العلمية قد أستوت مطلبا ملحا بعد ثورة الرابع عشر من تموز سنة ١٩٥٨ يوم تقرر أن تكون اللغة الكردية لغة للتربية والتعليم في مراحل دراسية لذلك فقد عقد مؤتمر بمدينة شقلاوة في خريف ١٩٦٠ لتحقيق هذا المطلب فأتخذ المؤتمرون توصية باتخاذ اللهجة السورانية أساسا لهذه اللغة على أن تطعم باللهجات الكردية الاخرى الفاظا وقواعد •

ان هذه التوصية لم تجد طريقها الى النور كما أن تلك المراحل الدراسية أقتصرت على المرحلة الابتدائية لأسباب لامجال لعرضها هاهنا مما جعل ذلك المطلب العلمي حلما يراود المخلصين الذين يؤمنون بأن أهداف التربية والتعليم التي تبذل في سبيل تحقيقها الأموال الطائلة والمساعي المضنية لن تتحقق لخدمة الجماهير الكردية الا بتوحيد لغة الوسائل التعليمية •

لقد أصبح هذا الحلم مطلبا اكثر ألحاحا بعد أن تقرر التعليم باللغة الكردية في المراحل الابتدائية والمتوسطة والاعدادية ودور المعلمين والمعلمات بعد ثورة السابع عشر الثلاثين من تموز سنة ١٩٦٨ •

ومن هنا فقد عقدت المديرية العامة للدراسة الكردية مؤتمرا لمدارسة الكتاب التعليمي ودعت اليه المختصين والباحثين الاكراد فانعقد شملهم في صيف ١٩٧٣ في مدينة شقلاوة فواجهوا المشكلة ذاتها وظهرت بينهم أتجاهات متباينة لم تنته الى مدار حاسم •

لقد رصد هذا البحث في تمهيده هذه الامور كلها ونوه بخلفياتها وجسد علل تعثرها وأفاد من الآراء التي أدليت بشأنها طوال ربع قرن مما ساعده هذا كله على أن يتكامل في مباحثه ومنهجه وأهدافه الى حد نتمنى أن يكون كبيرا •

الملاحظ أن معظم من سبقنا في هذا الموضوع بحثا وادلاء بآراء يخلطون مابين مصطلح الكلام واللهجة واللغة ، فهم لذلك لايستطيعون اتنهاج المنهج العلمي الذي يمكنهم من توحيد اللهجات الكردية لذلك فان هذا البحث فرق بين هذه المصطلحات بشكل دقيق وأنتهى الى ثلاث نتائج رئيسة :ـ

أولاها : ان الكلام نشاط يومي لايجوز أن نعتمد عليه في تحديد المفارقات بينه من منطقة الى اخرى ومن قبيلة الى سواها كما أنه لايجوز أن يتخذ مستنبطا لأية قاعدة صوتية ولفظية ونحوية •

وثانيتها : أن اللهجة هي فرع من فروع اللغة القومية تفرعت عنها لأسباب جغرافية واجتماعية وسواها ، فأصبحت وسيلة للتعبير لدى هذه الجماعة أو تلك •

وثالثتها : ان اللغة هي اداة التعبير القومي لأي شعب من الشعوب ولدت في زمن ما وأستوت متطورة فيما تعاقب بعد هذا الزمن من عصور ثم تعثرت بعوائق أدت بها الى التفرق اللهجوي • لقد توصل هذا البحث في ضوء هذه النتائج الى أن اللغة الكردية القومية كانت موحدة يوما ما ثم تفرعت الى لهجات أحتفظت بخصائصها من حيث الأصوات والكلمات والقواعد ثم تعرضت لأمواج لجج الكلام اليومي فباعدت مابين لهجاتها وأوشكت أن تسلمها الى التيار الجارف الذي ينأى بها عن أصولها ويطغى على أصالتها اذا لم تتقيد اقسام هذا البحث في ضوء هذه الحقيقة فأسهب في اثبات أن اللغة الكردية القومية حية ترزق في النصوص الادبية باللهجات الكردية ، وعليه فقد تساءل عن المنهج الذي يمكننا من احياء هذه اللغة وبعثها ثانية وأجاب في ضوء التجارب ان هذا المنهج ينبغي أن يكون تطبيقيا يصنف اللهجات الكردية تصنيفا واقعيا ويجزيء مظاهرها البنيوية الى وحداتها الطبيعية لتسهيل دراستها والوصول بها الى نتائج حاسمة ابتداء من أصغر وحدة وهي الصوت اللغوي وانتهاء الى القاعدة النحوية في بناء الجملة •

لقد شمرت ثلاثة أقسام رئيسة من هذا البحث عن ساعد الجد لتجسيد أسس هذا المنهج واجرائها في ميدان التطبيق درس أولها الاصوات اللغوية مرتبة حسب مخارجها فرسخ هذه الأصوات وكشف عن اصالتها في لهجتين رئيستين هما اللهجة الكردية الوسطى واللهجة الكردية الجنوبية .

وتصدى ثانيتها لبحث الكلمة الكردية بنوعيها : الكلمة المعجمية والكلمة الاصطلاحية فبين الأسس التطبيقية في كيفية أخذ الكلمات من شتى اللهجات الكردية وتوحيدها في المعجم الكردي الموحد على أساس يؤكد وجوب تخصيص كل كلمة كردية لهجوية بمعنى واحد محدد وهجر الأساس غير العلمي الذي يعتمد عليه معظم الباحثين الاكراد في خلط الكلمات من شتى اللهجات وجعلها مترادفات في بناء اللغة الادبية أما بالنسبة الى الكلمات الاصطلاحية فقد نبه هذا القسم من البحث الى الظواهر السلبية التي يتعثر بها المصطلح الكردي وهي وضع اكثر من مصطلح واحد لمدلول موحد ونحت المصطلحات من غير ألتزام القواعد اللغوية والاقتباس من اللغات الاجنبية بخاصة اللغات اللاتينية والاوربية والفارسية ثم رسخ الأساس المنهجي في وضع المصطلح الكردي لشؤون الحياة كافة بشرط أن يتلافى تلك الظواهر السلبية .

أما القسم الثالث من البحث فقد تصدى لكيفية توحيد قواعد اللغة الكردية وبعثها من اللهجات الكردية فبين أن كل قاعدة نحوية ينبغي أن توضع لمدلول تركيبي محدد اذا ماكانت لدينا اكثر من قاعدة واحدة لهذا المدلول ذلك لأن أي مدلول بنيوى لاينبغي أن تكون له اكثر من قاعدة واحدة بخلاف من يدعو الى خلط القواعد ولملمتها وتكديسها من غير تمييز أو تفريق .

مما يميز هذا البحث أنه ينأى عن الفرضيات النظرية وينبسط في ميدان التطبيق فلا يسوق فكرة الا في ضوء اكثر من شاهد ومثال ولايرفع دعوة من غير الحزم بواقع اللغة الكردية ، ومع هذا فان نقصه الرئيس يتمثل في أنه

لم يتناول في شواهده وأمثلته التطبيقية اكثر من لهجتين في الاغلب اذ لم تتيسر له المعرفة الدقيقة باللهجة الكردية الثالثة التي رصدها ووضعها في حسبانه •

ثم ان هذا البحث يعترف سلفا بأن أهدافه لاتتحقق كاملة الا اذا أنعقدت له جهود جماعية ومن هنا فقد دعا الى عقد عدة مؤتمرات وتشكيل مجموعة من اللجان ورأى أن المجمع العلمي العراقي هو المنتدى العلمي الذي يمكن أن تنعقد في رحابه هاتيك المؤتمرات وينعقد بين ظهرانيه شمل هذه اللجان •

ومما دعا البحث الى ضرب من التفاؤل بعد يأس طويل اننا قد وجدنا المجال رحبا في هيئة اللغة الكردية وادبها في المجمع العلمي العراقي فقد أتيحت لنا الفرصة لنقود حركة علمية في لجان هذه الهيئة لحل ثلاث مشكلات هي : مشكلة الاملاء الكردي الموحد بالحروف العربية ومشكلة المصطلح الكردي ومشكلة قواعد اللغة الكردية الموحدة في ضوء دراسة اللهجات الكرديةكافة وهذا التفاؤل من غير ريب خطوة على الطريق الذيأمتد عبر مئات السنين مما لايمكن قطعه بين ليلة وضحاها وانما يحتاج الى مركب صعب المعاناة تتوافر عليه جهود المخلصين وتمتد له العقول المؤمنة نبراسا فاذا ما قصرت هذه العقول وشحت تلك الجهود فنحن المتخصصين الاكراد نلام والله الموفق •

## سەرچــاوەکان


١ ــ دیوانی حاجی قادری کۆیی ــ چاپی سێیەمین ــ چاپخانەی هەولێر ١٩٦٩ ز •

٢ ــ دیوانی شێخ رضای طالەبانی ــ علی الطالبانی ــ چاپخانەی مەعاریف بەغا ١٩٤٦ ز •

٣ ــ دیوانی سالم : عبدالرحمان صاحبقران : چاپخانەی کوردستــان ــ هەولێر ١٩٧٢ ز •

٤ ــ دیوانی کوردی ــ مصطفی بەگی صاحبقران ــ چاپخانەی کوردستان هەولێر •

٥ ــ دیوانی گۆران ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق بەغدا ١٩٨٢ز •

٦ ــ دیوانی نالی : مەلا خدری ئەحمدی شاوەیسی مکایەلی‌ی : مــەلا عبدالکریمی مدرس‌و فاتح عبدالکریم‌و محمد ملا کریم لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد •

٧ ــ کتێبی زاراوەی کوردی : د• کامل بەصیر ــ چاپخانەی زانــکۆی سلێمانی ١٩٧٨ ز •

٨ ــ زمانی یەکگرتووی کوردی : دکتور جەمال نەبــەز بــامبێرگ لـ ئەلمانیای رۆژئاوا ١٩٧٦ ز •

٩ ــ قاموسی زمانی کورد : عبدالرحمن محمد زەبیحی بەرگی یەکەم ــ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد •

١٠ــ گۆڤاری پەروەردەو زانست ژمارە ٦ سالی سێیەم پایزی سالی ١٩٧٣ز دیالیکتەکانی زمانی کوردیو گیروگرفتو چارەسەرکردنیان د. عزالدین مصطفی رسول .

١١ــ کاروانی شیعری نوێ کوردی : کاکەی فەلاح .

١٢ــ علم اللغة : د. علی عبدالواحد وافی ــ چاپی دووەم ــ چاپخانەی الاعتماد مصر .

١٣ــ اللغة : ج ڤندریس ، وەرگێرانی عبدالحمید الدواخلیو محمد القصاص چاپخانەی لجنەی البیان العربی .

١٤ــ البحاثة اللغویة : محمد عبدالجواد ــ چاپخانەی العلوم ، مصر .

١٥ــ دراسات في اللغة : الدکتور ابراهیم السامرائی ــ چاپخانەی العانی ــ بغداد .

١٦ــ دور الکلمة فی اللغة : ستیفن اولمان : وەرگێرانی د. کمال محمد بشر ــ چاپخانەی مکتبة الشباب ــ مصر .

# نـــاوەرۆك


| بــابەت | لاپـــەرە |
| --- | --- |
| پێشـــەکی | ٣ ـ ٩ |
| زاراوە زمانی‌یەکان | ١٠ |
| دیاردەی ئاخاوتن لە زمانەکەماندا | ١١ |
| دیاردەی زار لە زمانی کوردیدا | ١٥ |
| دیاردەی زمان‌و نەتەوە | ٢١ |
| زمانی نەتەوایەتی کوردی | ٢٣ |
| ریبازەکانی وددەست هێنانی زمانی نەتەوایەتی کوردی | ٣٢ |
| بنـــاغە سەرەکی‌یەکانی رێبازی پەسەندکراو | ٤٠ |
| چەند نموونەیەکی پەیرەوی‌کراو لەسەر بناغەکانی رێبازی پەسەندکراو | ٤٦ |
| زمانی نەتەوایەتیمان لە کۆری دەنگ سازیدا | ٤٦ |
| دەنگە کپەکان | ٤٧ |
| یەکەم : دەنگەکانی سازگەی هەردوو لێو | ٤٧ |
| دووەم : سازگەی لچو دانەکانی سەرەوە | ٥٢ |
| سێیەم : سازگەی پووك | ٥٣ |
| چوارەم : سازگەی سەری زمان | ٥٣ |
| پێنجەم : سازگەی سەرەتای مەڵا شوو | ٥٥ |
| شەشەم : سازگەی قەراغی زمان | ٥٦ |
| حەوتەم : سازگەی مەڵاشوو و ناوەراستی زمان | ٥٨ |
| هەشتەم : سازگەی زمانە بچکۆلە | ٦٠ |
| نۆیەم : سازگەی قورگ | ٦٣ |
| دەیەم : سازگەی بنی قورگ | ٦٦ |
| دەنگە بزوێنەکان | ٦٧ |
| یەکەم : دەنگە بزوێنە کراوەکان | ٦٨ |
| دووەم : دەنگە بزوێنە قووچاوەکان | ٦٩ |
| سێیەم : دەنگی بزوێنی داکشاو | ٧١ |
| زمانی نەتەوایەتی لە کۆری ووشەسازیدا | ٧٢ |
| زمانی نەتەوایەتی لە کۆری رێزماندا | ٧٥ |
| سەر ئەنجامەکان | ٧٩ |
| الملخص العربي | ٨٢ |
| سەرچاوەکان | ٨٣ |

سێ‌هەزار دانە لەم کتێبە لەچاپدراوە
مێژووی لێبوونەوە لە چاپ ٤/٩/١٩٨٤

لە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدادا
ژمارە ( ١٢٣٥ )ی ساڵی ١٩٨٤ی دراوەتێ

نرخی ( ٦٠٠ ) فلسە